Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.3.1

# دەرکەوتەکانی فێمینیزم لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)ی جەبار جەماڵ غەریب دا

**دلدار عدو وسو** / بەشی کوردی، فاکەلتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران–هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق
**هونەر انور مام صوفی** / بەشی کوردی، فاکەلتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران–هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق،

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Hunar Anwar Mamsofi
hunar.mamsofi@soran.edu.iq

RECEIVED :18 /08/2024
ACCEPTED :14/11/ 2024
PUBLISHED :15/06/ 2025

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: فێمینیزم لە ڕۆمانی )سەردەمی گریانی بەڵقیس)ی جەبار جەماڵ غەریب دا، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی پلەو پایەی ژن لە نێو ڕۆمانەکە، پاشان دەرخستنی تێروانینی نووسەر لە بەرگریکردن لە مافەکانی ژن و ئازادیەکانی، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ تێگەیشتن لە فێمینیزم. بۆ ئەم مەبەستەش کارمان لەسەر ڕۆمانی سەردەمی گریانی سەردەمی گریانی بەڵقیس کردووە، کە ئەویش تەنیا دەرخستنی لایەنی فێمینیزمە، بەمەبەستی دەرخستنی لایەنی مێینە لە نێو ڕۆمانەکەدا. ئەوەی جێگای تێڕامانە بەشێوەیەکی گشتی، لە نێو ڕۆمانەکە کێشەی ژن پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، بەڵام ئەوەی لێرەدا وەکو کێشە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە، ئەم ڕەنگدانەوەیە بە مەبەستی خستنەڕووی بەشێک لە کولتووری کوردییە لە چەوساندنەوەی ژن، یان نەهێشتنی پیاوسالاری و یەکسانکردنی ژنە لەگەڵ پیاودا، یاخود دەرخستنی کولتووری کۆمەڵگای کوردییە لەم بوارەدا؟ زۆرجار ئەم کولتوورە زیاتر پیاوی چەوساندووەتەوە لە ئافرەت، بۆیە ئەمە یەکێکە لە کێشەکان ئایا ئەمە کێشەیە یاخود کولتووری کوردی وایە؟ بەرانبەر هەردوو ڕەگەز نەک تەنیا ڕەگەزێک. وەکو دەبینین پیاوسالاری و چەوساندنەوەی ژنان بابەتێکی سەرەکی ناو ڕۆمانەکەیە، بە ڕوونی ئەم هزرە پیاوسالارییە لەناو ڕۆمانەکەدا دەرکەوتووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ژن وەک ژێردەستەیەک بە موڵکی پیاو لێی بڕوانرێت. یەکێکیتر لەو بابەتە گرنگانەی لە ڕمانەکە هەستی پێ دەکرێت، جیاوازی ڕەنگی پێستە: بە پیرۆزتر بینینی سپی پێست بە بەراورد بە ڕەش پێست لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. لە ڕووی میتۆدۆلۆجیی ئەم توێژینەوەیە کارکردنە بە میتۆدی (وەسفی– شیکاری).

**وشە سەرەکییەکان:**
فیمینزم ،
ڕۆمان،
نایەکسانی،
جیاکاریی ڕەگەز و پێست،
ژن و ڕۆڵی دایکایەتی.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١-پێشەکی

ئەگەر سەیری ئەم میتۆدە (ڕەخنەی فێمینیزم) بکەین، کار لەسەر ئەو خواست، ویست، کێشە و گرفت و ئاڵەنگارییانە دەکات، کە ئافرەت لە ژیانی ڕۆژانەیان دا ڕووبەڕووی دەبنەوە، بۆیە ئامانجمان دەرخستنی ئەو کێشە و گرفتانەیە، کە لە کۆمەڵگای کوردیش وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر هەیە، ئەو کێشانەی ئافرەتان ڕووبەڕووریان بووەتەوە و هەیەتی، چ لە سەردەمە کۆنەکان چ لەو سەردەمەی ئێستاماندا، بۆیە ئەمەمان بە هەل زانی بۆ ئەوەی لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەرکەوتانەی کە لە تیۆرەکە داهاتوون و لە ڕۆمانەکە هەن کاریان لەسەر بکەین.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە: ئەوەی جێگای ئاماژەدانە خودی ڕۆمانەکە تارادەیەکی زۆر یارمەتیدەر و گونجاوە تا لە ڕێگەی میتۆدەکە کێشە و گرفتەکانی ئافرەتی کورد، یاخود کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکی گشتی بخەینەڕوو، ئەمەش لە کاتێک دا کە دوو نەوەی جیاواز، دوو کولتووری جیاواز، ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕەنگ و ڕووی جیاواز... لە ڕۆمانەکە کۆ دەکاتەوە، ئەمەش یەکێکە لە گرفتەکانی توێژینەوەکەمان. ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، کولتووری کۆمەڵگای کوردییە نیشان دەدات یاخود نوسەر ویستوویەتی نارەحەتی و ماف و ئازادییەکانی ئافرەتی کورد بخاتەڕوو، بۆیە جارێک بەخستنە ڕووی ئەم هەموو کێشانەی لەنێوان ئەم دووانە جیاوازانە لە لایەک و کارکردن بەپێی متۆدی ڕەخنەی دەروونی زیاتر هۆکارێک دەبێت بۆ دەرخستنی ئاستی کێشە و گرفتەکان لەلایەکی تر. سنوری کارکردنمان لە تەواوی ڕۆمانی سەردەمی گریانی بەلقیس دەبێت. توێژینەوەکەمان وا دەخوازێت بەسەر دوو تەوەر دابەش ببێت: لە تەوەری یەکەمدا بە شێوەیەکی تیۆری باس لە چیەتی و ڕەوت و شەپۆلەکانی فێمینیزم کراوە، لە تەوەری دووەمدا بەشێوەیەکی پراکتیکی دەرکەوتەکانی فێمینیزم لە ڕۆمانەکەدا باسکراوە، کە ئەویش هەریەکە لە (ڕۆل و بەهای ژن، پیاو سالاری، ژن وەک خۆشەویست، گرنگیدان بە جوانی و جەستەی ژن، جیاوازی لە وەسفی نێرو مێ، بەرگریکردن لە مافەکانی ژن، یەکسانیی ژن و پیاو، نیشاندانی لاوازی ژن لەبەرانبەر پیاو، ئازاری ژن لە دەست پیاو، ستەمی جنسی)دەگرێتە خۆی پاشان ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان ئامادەکراوە.

### یەکەم

### ١.١. چیەتی فێمینیزم و ڕەوت و شەپۆلە جیاوازەکانی

#### ١.١.١. چەمک و چیەتی فێمینیزم

فێمینیزم (Feminism) وشەیەکی لاتینییە لە وشەی فێمینا (Femina) وەرگیراوە، کە بە واتای (ئافرەت)(Women) دێت، لەم ڕووەوە جێندەری(Female)یش هەر لەو وشەیەوە هاتووە، کە مانای(مێ) دەگەیەنێت، لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (feminine) بەکارهاتووە، لە زمانی فەرەنسیشدا(Feminism) و (Feminine) (عبدول، ٢٠١٧: ١٠)، لەم ڕووەوە زاراوەکە زیاتر بە ڕەگەزی مێیینەوە پەیوەست بووە، دواتر جولانەوە ڕۆشنبیری و سیاسیەکانی تایبەت بە مافی ئافرەتان زاراوەکەیان بۆ ناونانی ڕێکخراو و جولانەوەکانیان بەکارهێناوە.

سەرەداوەکانی بەکارهێنانی زاراوەکە بۆ یەکەمجار مشتومڕی زۆری لەسەرە، باوەڕ وایە وشەی فێمینیزم وەک چەمکێکی سیاسی بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٨٩٠) لە ژمارە(١)ی ڕۆژنامەی(la frowned) لەلایەن مارگرێت دوران(Marguerite Durand)ەوە بەکارهاتووە (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ٧)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی زاراوەی فێمینیزم لە بواری بایەلۆجی، یان پزیشکی بۆ یەکەمجار لە "دەقێکی پزیشکی بە زمانی فەرەنسی بۆ شیکاری و ڕوونکردنەوەی جۆرە وەستانێک لە نەشونماکردنی ئەندامی لەش و تایبەتمەندییە جنسییەکانی ئەو پیاوە نەخۆشانە کەلکی لێ وەرگیراوە، ترسیان هەبووە لەوەی کە تایبەتمەندی ژنان بە خۆوە بگرن و نێرەموک ببن. پاشان ئەلکساندەر دوومای کوڕ، نوسەری کۆماری خوازی و دژە فیمینیستی فەرەنسی ئەم وشەیەیەی وەرگرت و لە نامیلکەیەکی چاپی ساڵی (١٨٧٢) بەناوی (پیاو-ژن)، سودی لە وشەکە وەرگرت. مەبەستی لێکۆڵینەوەکە لەسەر ئەو ژنانە بوو کە ڕواڵەت و هەڵسوکەوتیان پیاوانەیە، لە بواری سیاسیشدا کەلکی لێ وەرگیراوە بۆ ڕوونکردنەوەی بە پیاوانە بوونی تایبەتمەندییەکانی

ژنان"(فریدمەن، ١٣٨١: ٨، ٩).

Feminism بیردۆز، یان جولانەوەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتییە، کە داواکاری هەڵگرتنی کۆت و بەندی Restrictions یاسایی و کۆمەڵایەتیە لەنێوان هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاودا، لە هەموو ئاستەکانی ژیانی تایبەتی و گشتیدا (هەمەوەند، ٢٠٢٠: ١٠٤).

لە سەرەتادا ئەم وشەیە لە دەرەوەی ئەدەبیات سودی لێ وەرگیراوە، لە بواری زانستی پزیشکی بۆ ئەو نەخۆشانە بەکارهاتووە، کە ترسیان هەبووە لایەنێکی مێینەییان تێدا دەرکەوتبێت، یان بۆ ئەو ژنانەی هەڵسوکەوتیان پیاوانەیە و سیفەتی نێرینەیان تێدا دەرکەوتووە.

لە بواری فیکری، "فێمینیزم، لێکۆڵینەوەیە دەربارەی ژنان، لە فۆرمێکی هزری ڕووندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی ژیانی ئەزمونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەخاتەڕوو، لەم چوارچێوەیەدا پێناسەیەکی گشتگیر دەربارەی ژن و پێگەی ژن دەخاتەڕوو"( تربیت، ١٣٨٩: ١٠).

بەم جۆرە، فێمینیزم کار بۆ مافەکانی ژنان دەکات لەم بارەیەوە دەیل سپیندەر دەڵێت: "فێمینیزم بریتییە لە تەرزە شیکردنەوەیەکی ئەزمونی ژنان لەبارەی شێوازی بەڕێوەبردنی ژیان و جیهان، کە هاوسەنگی لە پێکەوە ژیان دابین دەکات و ژن لە موعانات، ترس، ژان، خوێنڕشتن دەپارێزێت، ئەوەی کە دەسەڵاتی باوکسالاری بەرهەمی دەهێنێت" (سپیندەر، ٢٠١٧: ٢٣)، واتا فێمینیزم کاردانەوەیەکە بۆ نەهێشتنی وەعی(لایەنگری) بۆ ڕەگەزێکی دیاریکراو لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەری لەنێوان ڕەگەزەکان، هەروەها فێمینیزم هەوڵێکە بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی و هاوسەنگکردنی ڕەگەزی نێر و مێ لە گشت بوارەکانی ژیان( سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری)، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕووبەڕوو بوونەوەیەکە دژی سەڵاتی پیاوسالاری، واتە دژی سەڵاتی باوک و هاوشێوەکانی، بە مەبەستی نەهێشتنی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ، چونکە جێندەر "نایەوێت دان بە ڕەگەزی بایۆلۆژی مرۆڤ و ئەندامە زاوزێکانی مرۆڤ دابنێت و بەو پێیەی ئەم جیاوازییە نایەکسانی لەنێوان نێر و مێدا دروست دەکات، جێندەر وای دەبینێت جیاوازی بایۆلۆژی نێر و مێ هیچ پەیوەندیەکی بە ئاستی تێگەیشتن و توانای بیرکردنەوە نییە"( ئەسوەد، ٢٠١١: ١٦٢)، لە ڕوانگەی جێندەرەوە جیاوازی نێر و مێ جگە لە مەسەلەیەکی بایۆلۆژی هیچی تر نییە، هیچ پەیوەندی بە لایەنی بیرکردنەوە و داهێنانەوە نییە، تەنیا جیاکردنەوەیەکە لەنێوان نێر و مێ و هیچی تر. واتا "لێرەدا مەبەست لە جێندەر یان جنسیەتەوە نییە ئایا جیاوازی بایۆلۆجی ژن و پیاو چییە؟ یان ژن و پیاو چۆن لە ڕووی جەستەییەوە تەماشا دەکرێن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئایا لە کەلتورەکان، بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چۆن لە ژن و پیاو دەڕواندرێت"(مەنتک، ٢٠١٨: ١٥٨).

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە دواوە "بەتایبەتی لە پاش چالاک بووونی بزوتنەوەکانی فێمینیزم سیستەمی باوکسالاری دوچاری قەیران و بەرەنگاری بووەوە دەسەڵاتی پیاو کەمکرایەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان"(ئەسوەد، ٢٠١١:١٧٠), واتا سەرهەڵدانی بزوتنەوەی فیمینیستی کارتێکردنێکی زۆری هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی ڕەوشی باڵادەستی پیاو و بیرکردنەوەی باوکسالاری، ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ لەنگکردنی سەڵاتی پیاوسالاری بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا.

واتە دەتوانین بڵێین: هۆکاری سەرهەڵدانی فێمینیزم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "ڕوانگەیەک بۆ ژنان پێک بهێندرێت، لێیەوە دونیا ببینێ و ڕاڤەی ناسنامەی خۆی بکات، پەیوەندیەکانی خۆی و ژیانی خۆی لە ناو ئەو دونیایەدا ڕێک بخات و لەو دیدگایەوە لێکدانەوە بۆ کێشەکانی بکات و چارەسەریان بۆ پێشنیار بکات" (حەمەلاو، ٢٠١٠: ٣٣)، واتە فێمینیزم هەوڵی بەدەستهێنانی دادپەروەری، نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی، بەدەستهێنانی هاوسەنگییە لەنێوان نێرو مێ لە گشت کایەکانی ژیان.

لە بواری ئەدەبیدا، میتۆدی ڕەخنەی فێمینیستی "لەژێر کاریگەری و پاڵەپەستۆی ژنان بۆ سەلماندنی خود و نوسینی

خۆیان لە ئەوروپا پەیدابوو، بەوەی نوسین و دەقی ئەوان خاسیەتی تایبەتی هەیە و ناچێتە ژێر باری ئەو جیاوازییانەی لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێدا دەکرێن" (مەنتک، ٢٠١٨: ١٥٠)، واتا ئەم بابەتە لە سەرەتادا زیاتر لەشێوەی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەرکەوت نەک میتۆدێکی ڕەخنەیی، بەمەش دەکرێت بڵێین: فێمینیزم لە بواری ئەدەبیدا زیاتر "بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئافرەتان دەدات، هەروەها باسی ڕۆڵی ئافرەتان دەکات لە داهێنانی ئەدەبدا و لە خاسیەتە ستاتیکی و زمانەوانی و بونیاتییەکانی دەکۆڵێتەوە" (قطوس، ٢٠١١: ٢٨٩)، لە بواری ئەدەبیش دا فێمینیزم گرنگی بە لایەنی مێینە ( ژن) دەدات، باس لە ڕۆڵی ژن لە داهێنانی دەقی ئەدەبی دەکات.

### ٢.١.١. مێژووی سەرهەڵدانی فێمینیزم

لە لایەنی مێژووییەوە، یەکەمین چرکەساتی پەیدابوونی بزووتنەوەی فێمینیزم لە ساڵی (١٧٩٢)دەست پێ دەکات، ئەویش بە بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک بە ناونیشانی (دادخوازی بۆ ژنان) لەلایەن (ماری ولستۆن کرافت)ی بە ڕەچەڵەک ئینگلیز (هام مگی، ١٣٨٢: ١١)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە مێژوونوسان و شارەزایانی بواری فێمینیستی مێژووی پەیدابوونی ئەم بزوتنەوەیە دەگەڕێننەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە یان سەردەمی دامەزراندنی ئەنجومەنەکانی دژ بە کۆیلەداری لە ساڵی (١٨٣٢)ی زایینی، لە شاری (فیلادۆلفیا) و شارەکانی دیکەی ئەمەریکا ( مشیرزادە، ١٣٨١: ٥١).

لە لایەکی تر حەمە مەنتک مێژووی سەرهەڵدانی فێمینیزم و گەشەسەندنی دەبەستێتەوە بە چەند تەوژمێک، کە لە ساڵی ١٩٢٠ دەست پێ دەکات، بەڵام پێی وایە بە شێوەیەکی گشتی فێمینیزم لە ساڵی ١٩٦٨ تەقیەوە (مەنتک ٢٠١٨: ١٥٢)، بەپێی ئەم تێڕوانینەبێت، ڕاستە قۆناغی دەرکەوتنەکەی بۆ بیستەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام تەشەنەسەندن و بڵاوبوونەوەکەی چ وەک ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی یان ڕەخنەیی لە ناوەڕاستی شەستەکان ڕوویداوە.

سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی فێمینیزم ئیبراهیم محمود خلیل: مێژووی دەرکەوتنی فێمینیزم گرێدەدات بە سەرهەڵدانی هەڵوەشانەوەگەرایی و ئاماژەی بە ساڵی ١٩٦٦ کردووە (خلیل، ٢٠١٧: ٢٠٨).

سەبارەت بە مێژووی بەکارهێنانی چەمکی فێمینیزمیش ئەوا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٨٧١) کاتێک لە نوسینێکی پزیشکی بە زمانی فەڕەنسی بەکارهات، بۆ ئاماژەدان بە جۆرێک لە نەخۆشی، کە تیایدا نەخۆش ئەندامانی جەستەی گەورە دەبێت و تایبەتمەندی ژنانە وەردەگرێت و بەمەش هەست بە ئازار و ناڕاحەتی دەکات (کشاورز، ١٤٠١: ٣٣٤).

هەرچی فێمینیزمی ئەدەبییە سەرەتایی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ "سەرهەڵدانی نوسینی بەرهەمە ئەدەبییە جیاوازەکان لە لای ژن و سەرهەڵدانی کۆمەڵێ ژنی بیریار و نوسەری بە توانای بواری ئەدەبی ڕۆژئاوایی لەو کاتەی کە گرنگی بە بەرهەمەکانی ژن نەدراوە، سەرەتا کۆمەڵێ ژن بە بەرهەمی ئەدەبی دەستیان کرد بە بەرگری لە مافەکانی خۆیان و بەرگری کردن لە یەک، بەو شێوەیە بوون بە کۆمەڵەیەکی بەهێزی ڕەوتی فێمیمینیزم، دەسپێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم ١٩٠٨" (سالح، ٢٠٠٥: ٢٧)، واتا کارکردنی ئافرەتان لە بواری ئەدەبی دەسپێشخەرییەکی باش بوو، تاکو لەو ڕێگەیەوە هەم تایبەتمەندییە هزرییەکانی ئافرەتان و هەم خواستەکانیان لەناو بەرهەمی ئەدەبی ڕەنگ بداتەوە و فۆرمێکی فێمینیستی یان ژنانە وەربگرێت.

### ٣.١.١. شەپۆلەکانی فێمینیزم

- فێمینیزمی شەپۆلی یەکەم
- فێمینیزمی شەپۆلی دووەم
- فێمینیزمی شەپۆلی سێیەم (مەنتک، ٢٠١٨، ١٥٢-١٥٣)

دەکرێت بڵێین فێمینیزم لە ڕەوتە مێژووییەکەیدا دابەش دەبێت بەسەر چەند شەپۆلێک، هەریەکە لەم شەپۆلانە بە کۆمەڵێک داواکاریەوە لە بارەی مافی ژنانەوە هاتوونەتە پێشێ، بوونەتە هۆی گۆڕان و بەرەوپێشبردنی دۆخی ژنان لەوانە:

**١.٣.١.١. شەپۆلی یەکەم:** قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانی فێمینیزمە "دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٨٥٠-١٩٦٠، ئەم قۆناغە بە مێژووی سەرهەڵدانی فێمینیزمی لیبراڵ، فێمینیزمی مارکسیەت و سۆسیال فێمینیستەکان ناسراوە" (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ٨)، ئەم شەپۆڵە لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ئەنجامی پەیدابوونی کۆمەڵێک بزوتنەوە سەری هەڵدا، "ئەم گروپە زۆرجار پێیان دەوترێت گروپی میانڕەو یان محافزکارەکان" (مزیجانی، ١٣٩٤: ٥٣١)، (مێری وێلسن کرافت) کتێبێکی بە ناونیشانی(پشتیوانی لە مافەکانی ژنان)نووسی، کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئەم شەپۆڵە دانا، یەکێکی تر بەناوی (جان ستورات میل ) کتێبێکی بە ناوی (بەند بوونی ژنان) لە ساڵی ١٨٦٨ نوسی ئەم کتێبەش تەکانێکی تری بەم شەپۆڵە بەخشی (مرادخانی و طالبی، ١٣٨٩: ٩)، ئەم شەپۆڵە کۆمەڵێک ئامانجیان هەبوون، لەوانە:

١- پاراستنی مافی دەنگدان و هەبوونی ڕای تایبەت (رحیمی و هدی سادات، ١٣٩٥: ١٣٤٥)

٢- چاککردن و پێداچوونەوەی ژیانی خێزاندار لە یاساکا، هەروەها مافی یەکسانی ژن لەگەڵ پیاو بۆ جیابوونەوەی یاسایی و هەندێک پرسی دیکە سەبارەت بە بابەتە سێکسییەکان. (صادقی و راضیە حجار، ١٣٩٢: ٧٤)

**٢.٣.١.١. شەپۆلی دووەم:** ئەم تەوژم یان شەپۆڵەی فێمینیزم درێژەپێدەر یان تەواوکەر و ڕواڵەتێکی نوێی فێمینیزمە، کە لە ساڵانی نێوان"١٩٦٠-١٩٩٠ سەری هەڵدا، تیایدا بیرۆکەی ڕادیکاڵ فێمینیزم هاتە ئاراوە" (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ٨). لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەوە لەژێر کاریگەری بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی چەپ و فەلسەفەی نوێدا دەستی پێ کرد، گۆڕانکارییەکی زۆریان لە بارودۆخی ژیانی ژندا کرد، وەک لایەنی (پەروەردە، فێربوون، کارکردن لە بوارە جیاوازەکان، بە یاساکردنی لە باربردنی کۆرپەلە، یەکسانی مووچە، فراوان بوونی خواستی منداڵ نەبوون) بە ڕای ئەم شەپۆڵە، ڕزگار کردنی ژن لە نایەکسانی بەس نییە، ژن دەبێت لە دەست پیاو ڕزگار بکرێت، لە لایەنی پیاوسالاری، گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە هاوسەرگیری، جەختکردن لەسەر توانای ئابووری ژن، بۆ ئەمەش جەختیان لە وتەیەکی (سیمۆن دیبۆڤوار) دەکردەوە، کە دەڵێت: ئازادی ژن لە سکییەوە دەست پێ دەکات (مەنتک. ٢٠١٨: ١٥٢)، واتا ئەوان گرێبەستی هاوسەرگیری و هزری پیاوسالاریان قبوڵ نەبوو، وەک کۆت و بەند بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری لێیان دەڕوانی.

جگە لەوە ئەم تەوژمەی فێمینیزم پێیان وایە "بۆ ڕزگار کردنی ژن دەبێت ڕۆحیاتی ژن لە ناو ببرێت هێندە زێدەڕۆییان دەکرد، جەختیان لەسەر ڕواڵەتی پیاوانە دەکرد" (شاهندە، ٢٠٠٦: ١٦)، واتا لای ئەوان ژنان وەک پیاوان دەتوان قژیان کورت بکەنەوە و پێڵاوی تەخت و قات و بۆینباخ و شێوازی پیاوان بەکاربهێنن، چونکە باوەڕیان وابوو جیاوازیە بایەلۆژیەکان نابنە ڕێگر لە ئەنجامدانی ئەو کارانە، ئەم جیاکاریەی کە دەکرێت تەنیا سەپاندنێکی سیستەمی بیرکردنەوە پیاوسالارییەکەی ڕۆژئاوایە و هیچی تر.

**٣.٣.١.١. شەپۆلی سێیەم:** ئەم قۆناغە هاوشانی بیری پاش نوێخوازی هاتەئاراوە سەرەتای ئەم قۆناغە لە "ساڵانی ١٩٩٠ دەست پێدەکات، هەتا ڕۆژگاری ئێستا ئەم شەپۆڵە بە فێمینیزمی پۆستمۆدێرنیزمیش ناوی دەهێنرێت، توێژینەوە لەسەر ئەوە دەکەن وەڵامێک بۆ پاڵنەر و هۆکارەکانی دروستبوونی نایەکسانی لەنێوان ژن و پیاو بە درێژایی مێژوو بدۆزنەوە" (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ٨-٩)، واتا لەکۆتایی هەشتا و سەرەتای نەوەدەکان دەستی پێ کرد، بە هۆی توندیەکانی شەپۆلی دووەم، شەپۆلی سێیەم هەوڵی نەرمبوونیان دەدا، ئەم شەپۆڵە خوازیاری گەڕانەوەی بەها خێزانییەکان بوون، لەوانە جەختیان لە سەر "ڕواڵەتی ژنانە و هەڵسوکەوتی ناسک و ڕۆڵی دایکایەتی، خێزانی بە منداڵ " (سجادی، ١٣٨٤: ١٥). دەکردەوە، لەم ڕووەوە ئەم تەوژمە بەراورد بە تەوژمەکانی پێشتر هەندێک نەرمتربوو، ئەوان داواکاریەکانیان لە ڕۆڵی ئەساسی ئافرەتان چڕکردبووەوە بەوەی کە پێویستە ژن ڕۆڵی دایکایەتی خۆی ببینێت و ئەدای بنەڕەتییەکەی، کە نەرمونیانی و ناسکیە، ببینێت، دەشێت بڵێین جیاوازی جێندەری کاری سەرەکی ئەم تەوژمەیە" (مەنتک، ٢٠١٨: ١٥٢)، بە باوەڕی ئەوان، ژنان هاوتای پیاوان دەتوانن کاری هزری، هونەری و ئەدەبی گەورە ئەنجام بدەن و ڕۆڵ لە بەرەوپێشبردنی ڕۆشنبیریی مرۆیی ببینن.

### ٤.١.١. ڕەوتەکانی فێمینیزم

لە مێژووی فێمینیزم چەندین ڕەوتی جیاجیامان بەرچاو دەکەوێت، هەر یەکەشیان چەند تایبەتمەندیەکی هەیە لە پرۆسەی کارکردندا، لێرەدا جەخت لە سەر هەندێک لەو ڕەوتانە دەکەین، کە لە زۆرترین سەرچاوەکان بەرچاو کەوتوون:

#### ١.٤.١.١. ڕەوتی لیبراڵ:

هەر ڕەوتێک لە ڕەوتەکانی فێمینیزم خاوەن سیماو تێڕوانین و ناوەڕۆکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەم ڕەوتەش هەوڵدەدا بۆ "ڕەخساندنی هەلی یەکسان لەنێوان پیاو و ژن لە بوارەکانی وەک ڕۆشنبیری، زانست و زانیاری، مافە مەدەنییە جیاوازەکان...هتد بۆ ئەوەی ژنانیش هاوشانی پیاوان ڕۆڵیان لە پێشکەوتنە مەعریفیەکاندا هەبێت" (المساعد، ٢٠٠٦: ٨). ئەم ڕەوتە هەوڵی باشکردنی بارودۆخی ژنان دەدات، لە بەدەستهێنانی مافەکانیان و یەکسانییان لەگەڵ پیاو و یەکسانی لە هەلی کار، پێیان وایە دەبێت ژن "لە ڕێگەی یاسا مافەکانی خۆی بەدەست بێنێ و یەکسانی لە کۆمەڵگە دەستەبەر بکات، بێ ئەوەی پێویست بە گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵگە بکات یان هەڵوەشێتەوە، لیبراڵەکان تێدەکۆشن بۆ بەدیهێنانی مافی دەنگدان، کارکردنی وەک یەک، مووچەی وەک یەک، نەهێشتنی توند و تیژی نێو بنەماڵە، هەلی یەکسانی بۆ خوێندن کە هەموو ئەمانە لە ڕێگەی سیاسی و یاساییەوە بەدەست دێت" (ئەکرەم، ٢٠٢٢، ١٢-١٣)، بەمەش ڕەوتی لیبراڵ لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی و دوور لە توند و تیژی ژنان بخاتە نێو کایەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، ئەو ڕۆڵیان بۆ بگەڕێنێتەوە کە لێیان زەوتکراوە.

**تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕەوتە:**

١- چارەســەری کێشــەی ژنان بە شــێوازێکی ڕاســتەقینە (واقیعیانە) و دوورکەوتنەوە لەو مشــتومڕەی کە هۆکاری جیــاکــاری نێوان ژن و پیــاو چیە؟ واتــا نــاچنە نێو ئەو جەدەلەی بەدرێژایی مێژوو چ بنەمــایەک بووەتە هۆی چەوساندنەوەی ژن (شمیسا، ١٣٧٨: ٣٣٠).

٢- پێیان باشە وەک دۆخێکی هەنووکەیی مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە بکەن نەک بگەڕێنەوە بۆ مێژوو (بیسلی، ١٣٩٧: ٨٦-٨٧)، لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەم ڕەوتە دەیەوێت، بە شێوازێکی نەرمونیان چارەسەری دۆخی دژواری ژنان بکات، واتە ئەوان زیاتر تەرکیزیان لەسەر دۆخی هەنووکەیی ژنان بوو، پشتیان لەو ڕابردووە دەکرد، کە ژنی تێدا چەوسێنرابووەوە.

#### ٢.٤.١.١. ڕەوتی مارکسی:

ئەم ڕەوتە لە ڕوانگەیەکی چینایەتی سەیری دۆخی ژنان دەکات واتا "تەوژمێکی موڵکداری و سەرمایەداری دەگرێتەوە، کە پێی وایە ژن دەبێت کار بکات و بودجە وەربگرێت لە بەرانبەر کارەکەیدا، هەروەها باوەڕیان وایە ژن هاوشێوەی پیاو توانای کاری هەیە، کەسانی بەرهەمهێنن، بەڵام کاری ناو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵی لە ئەستۆیە، کە لە بەرانبەر ئەم کارەدا هیچ داهات و بودجەیەکی پێنادرێت" (صالح، ٢٠١٩: ٦٠)، واتا بە باوەڕی ئەوان چۆن پیاو لە بەرانبەر کارکردنی لە دەرەوەی ماڵ دەسکەوتی مادی بەدەستدەهێنێت، ئاواش ژنان لە بەرانبەر ئەرکەکانی ناو ماڵیان دەبێت مافەکانیان پارێزراو بێت. ئەم ڕەوتە لە فێمینیزم بە گوێرەی "لێکدانەوەکانی مارکسی دەپرژێنە سەر دۆخ و ستەمەکانی سەر ژنان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خاوەندارێتی تایبەتی و دابەشکردنی کاری جنسیەتی و لە کۆتاییشدا پیاوسالاری، وای دەبینن ژنان هێزی کاری دەستن بۆ سەرمایەداری" (ڕۆبن، ٢٠١٧: ٨٢-٨٣)، واتا ژنان بەهۆی دەستهەقی کەمیان لە کارکردن و چەوساندنەوەیان لە لایەنی ماددی دەبنە هۆی گەشەکردنی سەرمایەداری و خاوەن کارەکان سودێکی زیاتر دەبینن.

ئەم ڕەوتە لەو باوەڕەدان کە سیستەمی سەرمایەداری هۆکارێکە بۆ چەوساندنەوەی ژنان، بە تایبەتی ئەو کاتەی دەڵێن "ژنان توانای زۆریان نییە، بەڵام ئەم بۆچوونە دەرفەتی چەوساندنەوەی ژنان دەڕەخسێنێ، چونکە بە ئاسانی دەخرێنە ناوەوە و دەرەوەی بازاڕی کار، بۆیە نووسەرانی سەر بەم ڕەوتە دەڵێن پیاوان دووبارە ئەو سیستەمە چەوسێنەرە لە بواری تایبەتیدا بەرهەم دەهێننەوە، زۆرێک لەو شتانەی لە بارەی ڕۆڵی دایکایەتی ژنانەوە دەوترێت، ئامانجیان ئەوەیە

ژنان لە کاری ناو ماڵ قەتیس بکەن، ئەم ڕەوتە بیرکردنەوەیە بە درێژایی چەندین سەدە لە هەموو بوارە فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان باڵا دەست بووە و ژنی پێ چەوسێندراوەتەوە، وە ئەم دەرکەوتەیە هۆکاری ڕەخنەی مارکسی و کۆمەڵایەتی دێتە ژمار، مارکس ئەم شرۆڤەیەی دۆخی ژنان لە مێژووی کۆنەوە بۆ مێژووی نوێ ئەنجامدەدات (شمیسا، ١٣٧٨: ٣٣٠-٣٣٢).

سیستەمی سەرمایەداری لە کاروباری دەرەوە و لایەنی ئابووری، باوەڕیان وایە ژن دەبێت تەنیا کاروباری ناو ماڵ بەڕێوە ببات، لە ناوماڵ ژن و پیاو هاوبەشن، هەرچی ئەم ڕەوتەیە لە هەموو لایەنەکانی ژیان بانگەشەی یەکسانی دەکات. بە بڕوای ئەم ڕەوتە ئەوکاتە ژنان ئازادی وەردەگرن کە "سیستەمی سەرمایەداری کۆتایی هات و سیستەمی کۆمۆنیزم جێگەی گرتەوە، چونکە لە سایەی کۆمۆنیزم کەس لە کەس بەرپرس نابێت، لە لایەنی ئابورییەوە کەس لەسەر کەسی تر ناژی لە سەر ئاستی ئابووری، ئافرەتان بەسەربەستی لە پیاوان جیا دەبنەوە، بەم پێیە لەگەڵ پیاوان یەکسان دەبن" (المساعد، ٢٠٠٦: ١٨)، کەواتە ئەم ڕەوتە مەبەستی هەرە سەرەکی ئەوەیە ژن ئابووریەکی سەربەخۆی هەبێت، ژیانی خۆی لەدەست خۆی دابێت. بە شێوەیەکی گشتی بیری ئەم قوتابخانە یان ڕەوتەی فێمینیزم لەم چەند خاڵەدا کورت دەبنەوە:

١-ژنێتی ڕێگر نییە لەو کارانەی کە پیاوان ئەنجامی دەدەن، واتا ئافرەتیش توانای ئەنجامدانی ئەو کارانەی هەیە کە پیاوان بە هی خۆیان دەزانن. (صالح، ٢٠١٩: ٦٤).

٢-دەبێت ژن ئازاد بێت لە پەیوەندییە سێکسیەکانی و ژن موڵکی تاکی پیاو نییە، نابێت هاوسەرگیری مافی ئازادیی پەیوەندییە سێکسیەکان لە ئافرەت زەوت بکات.

٣-پێویستە ژینگەیەکی وا دروست ببێت، کە ژنیش خاوەن ئابوری تایبەت بە خۆی بێت، پێویستە کار بکات و بەرهەمهێن بێت و لە کاری ماڵەوە دوربخرێتەوە

### ٣.٤.١.١. ڕەوتی ڕادیکاڵ

ئەم ڕەوتە، هەر وەکو لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێ، بە شێوەیەکی ڕادیکالیانە بیردەکەنەوە، چونکە ئەوان "بانگەشە بۆ جودابوونەوەی ژنان لە جیهانی پیاوان دەکەن و دەیانەوێت مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، لەمەش زیاتر دەیانەوێت کۆمەڵگەیەک پێکبهێنن تەنیا ژنی تێدا بێت، ئەویش وەکو ڕوانگەی نێر سالارانە، ڕوانگەکانی لەسەر بنەمای جەستەی ژنەوە پێکدەهێنن، بۆیە ژنان وەک بونەوەرێکی ژنانە دروست دەکات و لە جەستەی ژنەوە جیهانەکەی چارەسەر دەکات"(نەسوح، ٢٠١٧: ٣١٦)، هەر بۆیە گرنگی زۆریان بە جیاوازیە بایەلۆژیەکانی ژن داوە، کە بە هۆیەوە لە پیاوان جیا دەبنەوە، نەیانتوانیوە پشت گوێی بخەن.

ئەم ڕەوتە باوەڕی وایە "باوکسالاری سیستەمی یاسایی یا دەزگای سیاسی نییە، کە دەبێت قلپ بکرێتەوە و ژێر بخرێت، بەڵکو دەبێت باوکسالاری و دەزگای کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیش بگرێتەوە، بەتایبەتی سیستەمی خێزانی کە دەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە" (المساعد، ٢٠٠٦: ٣٠)، ئەم ڕەوتە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی، کە بەهۆی زاڵبونی بەها خراپەکان، بە ڕیفۆرم ناتوانرێت چارەسەر بکرێت، تەنیا چارەسەر هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خێزانییە.

لە لایەکی ترەوە، ئەم ڕەوتە دژی ئەو بۆچوونەن، کە باوەڕیان وایە ئافرەت لە ڕووی جەستە لە پیاو لاوازترە و ئەوە ڕەتدەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەش بە پێچەوانەی دەبینن، بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوەیە دەڵێن، ئافرەت توانای وەچە خستنەوەی هەیە و پێویستی بە توانایەکی ماسولکەیی بەهێز هەیە، کە پیاوان ئەو توانایەیان نییە (نەسوح، ٢٠١٧: ٣١٦). ئەم گروپە ئامانجیان بوو، کە سیستەمی پۆلێنکردنی ژن و پیاو لەسەر بنەمای ڕەگەزەکەیان بروخێنن، ئەوان خوازیاری بە ناوەندیکردنی ڕەگەزی مێن لە کۆمەڵگای داهاتووی مرۆڤایەتی و هەوڵی پەراوێزخستنی پیاوان دەدەن، خاسیەتی ژنانە شایەنی ئەوەیە بەسەر بیرکردنەوەی جیهاندا زاڵ بکرێت و ژن لە کۆتوبەندی دایکایەتی و هاوسەرگیری ڕزگار بکرێت (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ١٥-١٦).

ئەو ستەمەی لە ژن دەکرێت بابەتێکی ترە، کە ئەم ڕەوتە بایەخێکی زۆری پێداوە، چونکە ئەوان ژنان وەک چینێکی

بندەست لە بەرانبەر پیاوان پێناسە دەکەن، یەکێک لەو ستەمەی ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە، ستەمی جنسییە، وەک یەکێک لە کۆنترین و توندترین شێوەی نابەرانبەرییە، ستەمێک کە ژنان بەهۆی ژن بوونیانەوە توشی دەبن. ئامانجی ئەم ڕەوتە لەم خاڵانە کورت دەبنەوە:

١-ئافرەت یان ژن خاوەنی لەشی خۆی و جنسی خۆیە، کاری جنسەکەیان تەنیا منداڵخستنەوە نییە، هەروەها پەیوەندیی پیاو و ژن نابێت تەنیا لە پەیوەندیە جنسییەکەدا کورت بێتەوە.

٢- هەموو جۆرە توندوتیژیەکی خێزانی و هەر چەشنە ستەمێکی نێر بەرانبەر مێ، دەکەن بە بابەتی نوسین و بڵاوی دەکەنەوە و داوای دامەزراندنی کۆمەڵێک دەزگا دەکەن، کە گرنگی بە داخوازی و خواستەکانی ژن بدات (صالح، ٢٠١٩: ٦٧).

### ٤.٤.١.١. ڕەوتی سایکۆلۆژی

فرۆید ئاماژە بە هەستی مێینە دەکات، کاتێک ئەندامی نێرینەی پیاو دەبینێت، فرۆید دەڵێت "کچۆڵەیەک بەدیتنی ئەندامی جنسی پیاوان تێدەگات ئەو ژنە و هەر ئەوەی وا ئەندامی جنسی وەک پیاوان نییە، خۆی بە شێوەیەکی کلۆل دەناسێنێت و لە ئاکام دا (بەخیلی بە ئەندامی جنسی پیاو) دەبێتە گرێیەک لە بیرو مێشکیدا، بەپێی ڕوانگەی فرۆید بەخیلی بە ئەندامی جنسی پیاو لە ژندا بە گشتی و دەبێتە هۆی ئەمەی خۆیان بە مرۆڤێکی ناتەواو پێ ئەژماربێت" ( تەمیزی، ٢٠١١: ٩٧).

ئیتر لە فێمینیزمی سایکۆلۆژی چوار ڕەوتی تر سەریان هەڵداوە، دەکرێت هۆکاری سەرهەڵدانیان بۆ تێڕوانینەکانی فرۆید بگەڕێتەوە:

- **ڕەوتی یەکەم**: هەوڵی داوە فرۆید لە هەموو نیشانە بایۆلۆجیەکان پاکبکاتەوە.

- **ڕەوتی دووەم**: هیچ بایەخێکی بە گرێی ئۆدیب نەداوە، بەڵکو بایەخی بە پێش ئۆدیب داوە، واتە ئەو ماوەیەی کە دایک بەکوڕ دەبەستێتەوە (فرجیان، ١٤٠١: ٢٢-٢٣).

- **ڕەوتی سێیەم**: بایەخی خۆی ئاراستەی خاڵی بەهێزی هەڵسوکەوتی ئەخلاقی ئافرەت کرد، زیاتر لەو خاڵە لاوازانەی کە فرۆید جەختی لەسەر دەکردن.

- **ڕەوتی چوارەم**: هەوڵی داوە کە سەر لە نوێ گرێی ئۆدیب ڕاڤە بکاتەوە لە ڕێگای ئەوەی چەند مانایەکی نوێی دوور لە پاتریارکی (پیاوسالاری) بداتێ ( المساعد، ٢٠٠٦: ٤٦).

شیکردنەوەی دەروونی و تێڕوانینەکانی فرۆید دوو شت دەردەخەن سەبارەت بە ژنان، یەکەم ئەوەی لە خۆگری چەمکی ڕزگاری ئافرەت لە هەمان کاتدا چەمکی چەوسانەوەشی لێ دەخوێندرێتەوە، کە ئەمە زیاتر فێمینیستەکانی تورەکردوە و پێیان وایە لاوازی ئافرەت ئەساسی ژن نییە، بەڵکو ژینگە و کولتوور ژن دەخاتە ئەو دۆخە دژوارە.

### ٥.٤.١.١. ڕەوتی سۆسیالیزم

ئەم ڕەوتەش لە ئەنجامی "بێزار بوونی هەندێک لە فێمینیزمە مارکیسیەکان لە تێپەڕ نەکردنی بیری مارکسی بۆ دابەشکردنی جنسی و باری نزمی ئافرەتانەوە سەری هەڵدا" (المساعد، ٢٠٠٦: ٥٣)، فێمینیزمی سۆسیالیزم بەرەنجامی ناکۆکی نێوان دوو ڕەوتە، چونکە لە ئەنجامی ململانێی نێوان ڕەوتی ڕادیکاڵ و ڕەوتی مارکسی درووست بوو، دەشێت بڵێین ڕوانگەی "سۆسیال فێمینیزم لە دەیەی ١٩٧٠ لە دەرئەنجامی تێکەڵاوکردنی بیری مارکسیست فێمینیزم و ڕادیکال فێمینیزم هاتووەتە ئاراوە، ئەم ڕوانگەیە بڕوای وایە: سیستەمی سەرمایەداریی پیاوسالارانە، کرێکاران و ژنان دەچەوسێنێتەوە، ژنان وەکو هاولاتی پلە دوو هەژمار دەکات"( ئەکرەم، ٢٠٢٢: ١٦-١٧).

ئەم ڕەوتەش کار لەسەر ژێر دەستەیی و نایەکسانی ژنان دەکەن. لە مەسەلەی چارەسەر کردنی کێشەکانی ژنان "ئەم ڕەوتە مەسەلەی سەرەکی وەلامدانەوەی چۆنییەتی تێکەڵ بوونی سیستەمی سەرمایەداری و پیاوسالارییە،

بەجۆرێکی دیکە، ئەوان لەسەر ئەم باوەڕەن، بۆ لێکدانەوەی دۆخی ژێر دەستەیی ژنان، هەروەها داڕشتنی ستراتیژیی خەباتکارانە بۆ ئاڵوگۆڕی ئەم دۆخە نابێت تەنیا لێکدانەوەوەیەکی یەک جەمسەری بێت، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێک پرس و هۆکاری پێکهێنانی دۆخی ژێردەستەیی ژنان بدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بۆ ئالوگۆڕی ژیانی ژنان و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان، دەبێت خەباتێکی هاوکات لە دژی سیستەمی پیاوسالاری و سەرمایەداری لە ئارادابێت (بیسلی، ١٣٩٧: ١٠٠-١٠١)، ئەوەی ئەم ڕەوتە جیا دەکاتەوە لە ڕەوتەکانی تر، کێشەی ژنان لە یەک ئاراستەوە سەیر ناکات، بەڵکو لە چەندین ئاراستەوە لێیان دەڕوانێت، خۆی بە یەک جەمسەرەوە گرێنادات، واتە کێشەی ژنان تەنیا بە سەرمایەداری نابەستێتەوە، بەڵکو لەپاڵ ئەوە باس لە مەسەلەی جێندەر دەکەن، لە چەندین لاوە لە کێشەکانی ژنان دەڕوانن.

**ئەم ڕەوتەش چەندین داواکاری هەیە، لەوانە:**

١- پشتگیریکردنی ئافرەت بۆ ڕزگاربوونی لەژێر چەپۆکی سەلاتی پیاو، ئەمەش بە بەشداری پێکردنی ژن لە سیاسەتی ئابوری ناوکۆمەڵگا.

٢- لادانی سیستەمی سەرمایەداری و پیاوسالاری و هێنانەکایەوەی سیاسەت و سەلاتێکی سۆسیالیستی.

٣- کێشەی نێوان ژن و پیاو، بە کێشەی نێوان کرێکار و بۆرژوازەوە گرێ دەدەن، هەر چەندە باوەڕیان وایە چەوساندنەوەی ئافرەتان هاوتای چەوساندنەوەی کرێکاران نییە. ئەوەی ئافرەت لە دەست پیاو دەیچێژێت، بەراورد ناکرێت بەو ئازارەی پرۆلیتار لە دەستی بۆرژوازەکان دەیچێژن (صالح، ٢٠١٩: ٧٠).

٤- دەبێت ڕێژەی ژنان لە بەشداریکردنیان لە سەلات دیاری بکرێت.

٥- باوەڕیان وایە، کە کێشەکانی نایەکسانی لە ڕێگەی ریفۆرمەوە چارەسەر دەکرێت، لە ڕێگەی یاساوە دەرفەت بۆ تاک دادەنێن (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ١٧).

٦- وەستانەوە بە ڕووی ئایدیای سەرمایەداری (بیسلی، ١٣٨٥: ١٠٠).

### ٦.٤.١.٢. ڕەوتی وجودی

کتێبی ڕەگەزی دووەمی (سیمۆن دی بۆڤار) کاریگەری زۆری لەسەریان هەبوو، چونکە ئەو ئەوەی ڕوونکردەوە، هەر لە کۆنەوە پیاو ناوی (خودی) لە خۆی ناوە، ناوی (ئەوی تریشی) لە ژن ناوە، ئەگەر ئەوی تر هەڕەشە بێت بۆ خود، ئەوە ژن هەڕەشەیە لەسەر پیاو، پێویستە خۆی لێ ڕزگار بکات. جگە لەوە ڕەخنە لە بۆچوونەکەی فرۆید دەگرێت، سەبارەت بە هەست کردنی ژن لەبەر نەبوونی ئەندامی نێرینە لە لای وای کردووە پێگەی نزم بێت، ئەمە بە شیکردنەوەیەکی لاواز دادەنێ (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ٧٢).

### ٧.٤.١.١. ڕەوتی فێمینیزمی ڕەش

ئەم ڕەوتە دژی ئەو ستەمانەیە، کە لە ژنە ڕەشپێستەکان دەکرێت، ئەمان سەرباری ئەوەی دژی نەژادپەرستین و نزیکن لە فێمینیستانی ئەفریقاوە، بەڵام زیاتر پێداگرن لەوەی کە ژنە ڕەشپێستەکان لە مافەکانیان بێبەری دەکرێن و بە هۆی پێست و ڕوخساریانەوە توندوتیژیان لەگەڵ دەکرێت، (پۆڵ هۆک) لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕەوتەیە (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ٢٤). لەم ڕووەوە، خەباتی ئەم ڕەوتە تەنیا تایبەت بە ژنانی جوگرافیایەکی سنوردار نییە، بەڵکو هەوڵی کەمکردنەوەی توندوتیژیی دژی ژنە ڕەشپێستەکان دەدات لە تەواوی جیهان، هەروەها بە تەواوی دژی ڕەگەزپەرستی دەوەستێتەوە. واتە دەشێت بڵێین ئەم ڕەوتە هەوڵی چەسپاندنی خەباتی ژنانی ڕەشپێست دەدات، لەسەر بناغەی نەریتی خەباتگێڕانەی چەپ دامەزراوە و سەر مەشقەکانی خۆی لە فێمینیزمی سۆسیالیستی وەردەگرێت. داخوازیان هێنانەدی تیۆرێکە کە پێویستیەکانی ژنانی ڕەشپێست دابین بکات (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ٧٢).

### ٥.١.١. ئەدەبی ژنان (فێمینیستی)

سەبارەت بەوەی کام بەرهەم دەبێتە بەرهەمێکی فێمینیستی کام بەرهەم نابێت؟ چەندین ڕاوبۆچوونی جیاواز لەم بارەیەوە هەیە. هەندێکیان پێیان وایە "ئەدەبی فێمینیستی ئەو ئەدەبە دەگرێتەوە کە ئافرەت نووسیویەتی، هەروەها ئەو ئەدەبەش دەگرێتەوە، کە پیاو لە بارەی ئافرەت نوسیویەتی، هەر ئەدەبێک گوزارشت لە تێڕوانینی ئافرەت بکات لە خۆی، یان گوزارشت لە تێڕوانینی ئافرەت بکات بە پیاوەوە، یان گرنگی بدات بە گوزارشتکردن لە ئەزموونە ڕۆژانەیی و جەستەییەکانی ئافرەت و داواکارییە خودییەکان، ئەوا ئەدەبێکی فێمینیستییە (خلیل، ٢٠١٧: ٢٠٦)، بەو جۆرە هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی باس لە ئافرەت و خواست و ویستەکانی دەکات، بەبەرهەمی فێمینیستی دادەنرێت، بەهەمان شێوە نوسەرەکەشی بە فێمێنیست دادەنرێت.

بۆچوونێکی تر هەیە، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی خستمانەڕوو، پێیان وایە "بێجگە لەو دەقانەی ژن نووسویەتی هیچ دەقێکی دیکە بە ئەدەبیاتی ژنانە هەژمار ناکرێت، لە وانە ماری ئینگلتۆن دەڵێ هەڵەیە دەقی ئەدەبی بە دەقی ژنان لە قەلەم بدەین، تەنیا لەبەر ئەوەی ژن دەیخوێنێتەوە. بەڵگەشمان ئەو هەموو کتێبانەیە، کە هاوسۆزی ژن نین و دەگونجێت ژنان بیخوێننەوە، کۆمەڵێ ڕۆمانیشمان هەن، کە نووسەرەکانیان ژنن و دوورن لە هەموو ڕەهەندێکی ژنانە (مەنتک، ٢٠١٧: ١٥١).

بۆچوونێکی دیکەمان هەیە پێیان وایە تەنیا ژن دەتوانێت لەبارەی ژنێتی خۆی بنووسێت (چینی هیریکورت) لەبارەی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی دەکرێن لە لایەن هەندێ ئافرەتەوە، کە گوایە بەرهەمەکانی بە گوزارشتێکی پیاوانەوە نووسراوەتەوە، دەڵێ "بەڕێزان ناتوانم بنوسم تەنیا وەکو ژنێک نەبێت، زۆریش شانازی بەوە دەکەم کە ژنم (حسێن، biyav.blogsky.com).

دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین، کە فێمینیزم، وەک جوڵانەوە، لە زۆربەی بوارە جیاوازەکانی وەکو سیاسەت، ئابوری، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی کاری پێکراوە، واتە تیۆری فێمینیزم تەنیا تایبەت بە بواری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی نییە، بەڵکو ڕەخنەی ئەدەبی فێمینیستی و ئەدەبیاتی فێمینیستی بەرئەنجامی ئەو تیۆرە گشتییەیە کە فێمینیزم بە درێژایی مێژوو هەوڵی بۆ داوە. کە سەرەتاکانی ئەم هەوڵەش لە "ڕەخنەی ئەنگلۆ ئەمریکی دەست پێدەکات، کە جەخت لەسەر خۆدوورگرتن و خۆداماڵین لە هەموو ئەو سیفەتانە دەکاتەوە کە مانای ڕووکەش و کاتی و پەراوێزیان لکاندووە بە ژنانەوە و لە جەوهەر و ماهیەتی ئافرەت دوور دەکەونەوە" (نەسوح، ٢٠١٧: ٣٢٨)، بەگوێرەی ئەم تێگەیشتنە پێویستە ژن لە جەوهەر و بایەخەکەی دورنەخرێتەوە و وەک پەراوێزخراوێک چاوی لێنەکرێت، لەم ڕووەوە (سیمۆن دی بۆڤوار) "لە ڕوانگەیەکی ئۆنتۆلۆژی سەیری بابەتەکە دەکا و پێی وایە ژن دەبێت خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ((من کێم)) ئەمەش پەیوەست دەکات بە بابەتی ئازادیی لە بیرکردنەوەکانی خۆی، تەنیا ژن دەتوانێت تەعبیر لە وجودی ژنێتی خۆی بکات، باوەڕی وایە ژن بە ژنێتی و پاسیڤ لەدایک نابێت، بەڵکو ئەو بوونەوەرە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەکرێتە ژن، پیاو ناتوانێت وجودی ژن پێناسە بکات، وە بە بڕوای ئەو پێویستە ئەدەبیاتی فێمینیستی لەلایەن ژنەوە بێت و کێشە و گرفتەکانی ژن بخرێنەڕوو" (جمال، ٢٠١٧: ٢٢١)، چونکە "فێمینیستەکان لەو باوەڕەدان کە جنسیەت بونیاتنراوێکی کۆمەڵایەتی و گۆڕاوە، واتا بابەتێکی بەرهەمهاتووی ژینگە و دۆخەکان و بە هۆکارە جێنەتیکی و بۆماوەییەکانەوە پەیوست نییە" (کلیگس،١٣٨٨: ١٣٨)، کەواتە لە ڕوانگەی فێمینیستەکانەوە ژن یان مێینە پێناسەکراوێکی دەستی کۆمەڵگا و ژینگە خوڵقێنراوەکانە و لەم ڕووەوە ناهەقی زۆر لەبارەی توانا و ماف و جەوهەری ژن کراوە.

**دووەم:**

## ١.٢. دەرکەوتەکانی گوتاری فێمینیزم لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)ی جەبار جەماڵ غەریبدا.

### ١.١.٢. ڕۆڵ و بەهای ژن

لە ڕاستیدا وا باوە بڵێین پێنەدانی ڕۆڵ و بەها بە ئافرەت کە فینیزم کاری بۆ دەکات، بەڵام بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە بە ئافرەتی کورد دراوە و لە ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان دەرکەوتووە، بۆیە ڕۆڵ و بەهای ژنمان دەرخست نەک

نەبوونی ئەو ڕۆڵە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، دەبێت لەوە بڕوانین ئایا لە نێو ڕۆمانەکەدا ژن چ بەهایەکی پێدراوە و ئەو بەهایەی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا ئەم بەهایە ڕەنگدانەوەی کولتووری کوردەوارییە، یان نووسەر ئەو بەهایەی پێداوە، لە نێو ڕۆمانەکە باسی لە گرنگی دایک کردووە، کە وەک چەتر وایە بەسەر ئەندامانی خێزانەکەی "ئەو ئێستا لە دڵی منداڵەکانیدا تواوەتەوە، هەربەشەی لە دڵی یەکێکیاندایە، هەمووشیان لە دڵی ئەودا، گەورەکەیان بەندی دڵی برد و ئەوی دیکەیان شادەمار و یەکێکی دیکەیان ڕەگی خوێن هێن، کچە چاو سەوزو قژ زەردەکەی کوڵمە پان و ددان هەروا تۆزێک کەروێشکانییەکەی هیچی بۆ نەمابۆوە بیبات، ئەو دوای پێنج برا هاتبوو، دوا منداڵی بوو، براکانی لە تێری بەشی خۆیانی لە دڵی برد بوو، ئەو تەنیا ڕەنگی دڵی بۆ مابۆوە، ڕەنگەکەی برد، ڕەنگەکە و بەس بەبێ ئەو ڕەنگە گەش و ئاڵە پارچەکانی دیکەی دڵی ئەو پارچانەی کەوتبوونە لای هەر پێنج براکەی، دەڕزین و بۆگەنیان دەکرد، بەبێ ئەو خوشکە هەنگوین و تاقانەیان دڵی براکانیش بێ ڕەنگ و خامۆش دەبوو، براکانی چیدیکە نەیاندەتوانی بەندی دڵی دایکیان بن"(غەریب، ٢٠١٨: ١٠-١١). ئەوەی لەم نموونەیەدا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە، کە لەناو کولتووری نوسەردا کچ خاسیەتی جوانی، ناسکی و خۆشەویستی پێ دراوە، هەروەها دایک لە بەرانبەر ئەرکی دایکایەتیەکەیدا خۆشەویستی و پێگەیەکی ئێجگار مەزنی پێ دراوە، خێزان دەبێتە ئەو ناوەندە گرنگەی کە خۆشەویستی و ڕێز بۆ ڕەگەزی مێ فەراهەم دەکات، واتە لەناو ڕۆمانەکەدا بایەخێکی زۆر بە پێگەی ژن دراوە، ئەمەش لە دیدی یەکێک لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە بەدیار دەکەوێت "هەر لە سەر کاغەزەکەوە دەستی بە قژە زەردەکەی داهێنا، زۆرم چاوەڕێ کرد تا لەدایک بووی، پێنج برا یەک لە دوای یەکدا هاتن، لە یەکەم منداڵەوە من باوەشم بۆ تۆ کردبۆوە، دووەمیشیان هەر کوڕ بوو، سێیەم و چوارەمیش، پێنجەمیش، لەگەڵ پێنجەم کوڕم لە دایک بووی، دوای ئەویش، بە هاتنی تۆ ماڵەکەم ڕووناک بۆوە، ناوم نای نیان، گوتم لێرەوە ژیانی نیانی من دەست پێ دەکات، گەنج بوومەوە وەک تۆ نیان بوومەوە" (غەریب، ٢٠١٨: ٥٩، ٦٠) وەک دەبینین لێرەش ڕەگەزی مێ هەمان خاسیەتی نەرمونیانی ڕوناکی و درەوشاوەیی پێدراوە، دایک پێنج کوڕی بووە بەڵام بەهاتنی شەشەم منداڵ کە کچە ماڵی ڕووناک بووەتەوە، ئەوەش بۆ ئەو گرنگییە دەگەڕێتەوە، کە نووسەر بە ژنی داوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆماننووس لەسەر زاری دایکەکە، بە ناڕاستەوخۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ڕەگەزی نێر لە کولتووری ئەودا نەرمونیان و ڕوناکی بەخش نییە، واتا لەلای دایک ئەو نێرانە (کوڕان)ە، هەرگیز ئەو نەرمونیانی، ناسکی و ڕوناکیە نابن بۆ دایکیان، کە کە کچێک هەیەتی.

ڕەگەزی مێ هێندە گرنگی پێدراوە لە نێو ڕۆمانەکە، کاتێک کە وەسفی کچێک دەکات دەڵێت: "دەبێ ئینسان سنورێک بۆ نەسلی خۆی دانێ، باشترین کاتیش ئێستایە، هەرگیز ئینسان وەچەیەکی دیکەی وەک تۆ ناخاتەوە، باشترین داهێنانیش ئەوەیە لە لوتکەدا وازبهێنی، هەموو لە دایکبوونەکان تاقیکردنەوە بوون تاتۆ لە دایک ببی، وەک چۆن ئەدیسۆن سەدان ڕێگای بەکارهێنا، تاگلۆپی دروستکرد، تاقیکردنەوەکان بۆ دروست کردنی گلۆپ لێرەدا وەستان" (غەریب، ٢٠١٨: ٣١٢). هەروەک دەبینین لە دایکبوونی کچ لای دایک، دواین داهێنان و سەرکەوتنی مرۆڤایەتییە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لە دایکبوونی پێنج کوڕەکەی هەموویان ئەزمون و تاقیکردنەوەبوون، تا لە دایکبوونی کچەکە هەموو هەولەکانی پێشووی وەک هەوڵەکانی پێش دروستکردنی گلۆپ لای ئەدیسۆن وابوونە، هەوڵی شکستخواردوو بوونە، واتا تاقیکردنەوەی سەرکەوتوو نەبوون. لەم ڕووەوە یان نوسەر یان کاراکتەری دایکەکە، جیاوازی لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ دەکات و وای دەبینێت ڕەگەزی مێ کۆتا ڤێرژن یان داهێنانی جۆری مرۆڤە و بە چاوێکی زۆر بەرز دەڕوانێتە ژنبوون، ئەوەی جێی بایەخە نوسەر لە ڕۆمانەکەدا ئەو مافەی بە ژن داوە خۆی وەسفی ڕەگەزی خۆی بکات.

### ٢.١.٢. پیاوسالاری

پیاوسالاری یەکێکە لەو دەرکەوتانەی فێمینیزم، کە لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەی کە لایەنگران و بیرمەندانی فێمینیزم بە توندی ڕووبەڕووی بوونەوە، واتا زاڵبوونی سەڵاتی باوک، بەسەر تەواوی ئەندامانی خێزان، کە ڕێگرە لەوەی ژن هاوشانی پیاو مومارەسەی چالاکیە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ڕۆژانەی بکات، کە هەموو ڕەوتەکانی فێمینیزم بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاماژەیان پێداوە، بە تایبەت ڕەوتی سۆسیالیزم زۆر جەختی لەسەر کردووەتەوە، لە ڕۆمانی سەردەمی گریانی بەڵقیسدا، پیاوسالاری لە هزر و ڕەفتاری پیاوی کورد لە زۆرینەی سێکتەرەکانی ژیان بەرجەستە

کراوە، بۆ نموونە لای پیاو وابوو کە نابێ پیاو زۆر ڕوو بداتە ژن و ڕووی خۆی بۆ دەر بخات، هەروەک ئەم جۆرە تێڕوانینە لەم بەشەی ڕۆمانەکەدا دەبیندرێت "کەمالی حاجی بەکر مەلکەندیی بەزاز مێردە سەر شێت و عاشقەکەی بەڵقیس، کە زانیبووی، ژنەکەی بەمنداڵەوەیە، شتێک وەک شانازی و پیاوەتی چووبووە ناو لوتە قەبەکەیەوە، سەریقورس، بەس تۆزێک بڵندی کردبوو، ئاخر ئەو کوردە و پیاوی کورد نابێ دڵخۆشی و گەشکەی بۆ ژنە بە ئازار و کۆرپە تازەکەی دەربخات" (غەریب، ٢٠١٨: ٣١)، ئەو سیفەتەی پیاو وای کردووە، کە نابێ خۆی لە ژنێک نزیک بکاتەوە کە بە ئازاری منداڵەوەیە یان کەیف خۆشی خۆی دەربخات، بە منداڵ بوونی، چونکە وا هەست دەکات ئەمە لە پیاوەتی و کەسایەتی کەم دەکاتەوە، بۆیە خۆی بە قورسی دەهێڵێتەوە و گرنگ نییە ژنەکەی بە چ ئازارێکەوەیە، جگە لەمە، پیاوی کورد گوێ بەوە نادات ژنەکە چ ماندووبوون و ئازارێک بە خستنەوەی منداڵ دەبینێت، هەموو ئەو ماندووبوونەی ژن لە پیاوەتی خۆیدا کورت دەکاتەوە و خۆشەویستی و ڕێزی بۆ ژنەکەی دەکاتە قوربانی هەیبەت و پیاوەتی خۆی.

لە بەشێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا، لایەنێکی تری پیاوسالاری بەدیار دەکەوێت، ئەویش لەو کاتەی کچ داوا دەکرێت لە باوک، ڕۆماننووس بەم جۆرە گفتوگۆیەکە دەگێڕێتەوە: "کاتێک چوومە لای کەمال و پێم گووت دێمەماڵتان، دەمەوێ بەڵقیس خان ببینم، پرسی، بەڵقیس! بۆچی؟ ئەو نایەوێ کەس ببینێ، گوتم کاری خێرە، توند پرسی، چ خێرێک، هیچ خێرێک لە ڕوخساری تۆ دانابینم.. خۆم بەسەر پێڵاوەکانی دادا، پێڵاوەکانیم ماچ کرد، و گوتم پێت دەڵێم بەس یارمەتیم بدە، من بێ کەسم تەنیا ئەو کوڕەم هەیە، سەروەر بەقوربانی تۆی دەکەم ... کوڕەکەم زانیویەتی کچێکی چەند بە ئەدەب و سەنگینە، لێم پاڕایەوە بێم بۆلاتان پێتان بڵێم بیکەن بە کوڕی خۆتان. هەستاو، هیچ قسەیەکی نەکرد، دوکانەکەی جێ هێشت، منی بردەوە گەراج و سواری ترومبێلێکی هەولێری کردم گوتی جارێکی تر نەتبینمەوە" (غەریب، ٢٠١٨: ١٧٩-١٨٠)، ئەوەی لێرەدا دیارە و فێمینیستەکان قسەی لەسەر دەکەن، ئازادی ژنە، کەس بۆی نییە لەجیاتی بڕیار بدات، بەڵام نوسەر لێرەدا باسی کولتووری چەوساندنەوەی ژن و زەوتکردنی مافی هەڵبژاردنی هاوسەر لەلایەن ژنەوە دەکات، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بڕیاری کۆتایی لای باوکە و حەز و ئارەزوو و ویستی کچ هیچ لەبەرچاو ناگیرێت و باوک و گەورەی ماڵە و قسەی کۆتایی ئەو دەیکات.

بیرکردنەوەی پیاوسالاری و چەوساندنەوەی ئافرەت تا ئەو ئاستەیە، ئەگەر بێتو کچ خۆی بڕیاری زەواجی خۆی بدات بە ڕەدوکەوتوو حیسابی بۆ دەکرێت و دەرئەنجامی کارەکەش سزای قورسی بەدواوەیە، بەجۆرێک، کە باوک و براکان دەکەونە پیلان و بەرنامە داڕشتن بۆی، وەک ئەوەی کە لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت: "عبدالکریمی کوڕی گوتی قسە مەکەن من پلانی خۆمم داناوە، وابزانن هیچ نەبووە، هەرچی بە تەلەفۆن گوتی پێی بڵێن باشە، پێی بڵێن وەرنەوە ئێرە، لێرە زەماوەندتان بۆ ڕێک دەخەین. لێرە هەموو شار بانگ دەکەین، دڵی خۆش بکەن، ئێوەش سیاسەتتان هەبێت، بابێنەوە شەرت بێت ئەبێت بیدەم بە ماسیەکانی دوکان" (غەریب، ٢٠١٨: ٥١). وەک دەبینین ژن یان ئافرەت بە هیچ جۆرێک مافی بڕیاردانی نییە و بۆی نییە کەسێک بە دڵی خۆی هەڵبژێرێت و بیکاتە شەریکی ژیانی خۆی، دەرئەنجامی ئەم کارە سزادانی قورسی بەدواوەیە، ئەمە ئەو بابەتەیە کە فێمینیزم زۆر دژی دەوەستێتەوە و پێی وایە ژنیش هاوتا لەگەڵ پیاو هەست و سۆزی هەیە و پێویستە حەز و ئارەزوو و خواستەکانی فەراهەم بن و زۆر بە توندی دژی پیاوسالار دەوەستانەوە، چونکە سەڵاتی پیاو یان باوک، کارکردن و خوێندنی کچ و ژنیان پەیوەست کردووە بە کاری ناو ماڵ و پەروەردە کردنی منداڵ وەک ئەوەی کە لەم نموونەیەدا بەدیاردەکەوێت "کەماڵ هەر پێی وابوو منداڵ بوون کاری ژنە و ئەو تەنیا دەبێ دەنگ هەڵ بڕێ و بڵێ (کوڕمان بوو) " (غەریب، ٢٠١٨: ٢١) لەم نموونەیەدا (کەماڵ)ی کاراکتەر کە دەنگی پیاوە، بەچاوی مرۆڤی پلە دوو تەماشای ژن دەکات و ڕەگەزی نێر بە پیرۆز و بەرز سەیر دەکات و سەرباری ئەمەش هەموو جۆرە کارێک لە ژن قەدەغە دەکات، واتە ژن جگە لەوە نابێ کاری تر ئەنجام بدات. تەنیا ماڵ و منداڵ، ئەمەش دژی ئەو ئامانجەی فێمینیزمە کە ڕەوتی (مارکسی) بانگەشەی بۆ دەکەن، پێیان وایە دەبێ ژن ئازاد بێت، یەکسان بێت لەگەڵ پیاو لە لایەنی ئابووری و کاری سەربەخۆ، نابێت تەنیا لە ماڵەوە قەتیس بکرێن.

### ٣.١.٢. چەوساندنەوەی ژن

یەکێک لەو بابەتانەی لە نێو ڕۆمانەکە ڕەنگی داوەتەوە، مەسەلەی چەوساندنەوەی ژنە بەهۆی ڕەتکردنەوەی قسەی برا، باوک، خێزان، ئۆل و عەشیرەت، هەروەک دەزانین ژن بەردەوام لەژێر ڕکێفی سەڵاتی باوک و برا و بڕیاری خێڵدابووە، ڕەتکردنەوەی ئەم سەڵاتە لەلایەن کچێکی کورد بۆ گەیشتن بە خواست و حەزی خۆی و گەیشتن بە مەعشوق، لەم بارەیەوە ڕۆمانەکە باس لە خۆشەیستی نێوان دوو کاراکتەر بە ناوی نیان و سەروەر دەکات، کە بەجۆرێک هۆگری یەکتری بوونە هەموو سنوورەکان دەبەزێنن، سەرەڕای هەبوونی کێشەی خێزانی و ناوچەگەری لەنێوانیان، بەڵام هیچ یەکێک لەمانە ناتوانن ڕێگر بن لەنێوانیان، باوەڕیان بەو خۆشەویستییەیە لەنێوانیاندا هەیە، بۆ ئەمەش توشی دەردەسەری و ئازار و ناڕاحەتییەکی زۆر دەبن و ڕووبەڕووی هەڕەشە و سزادان دەبنەوە وەک ئەوەی لەم نموونەیەدا باسی لێوە کراوە "هەڕەشە و تۆڵەسەندنەوەی پێنج برا و باوکێکی ئەشراف و خانەوادەیەکی حەفتاو سێ کەسی نایترسێنێ و دەست لە خۆشەویستیی ناشیرینترین کوری دونیا هەڵناگرێت" (غەریب، ٢٠١٨: ٦٤)، واتا کچ یان ڕەگەزی مێ بەهیچ جۆرێک ئەو سەڵاتەی نییە بە ئارەزووی دڵی خۆی شوێن حەز و ئارەزووی بکەوێت، لە ئەگەری ڕەتکردنەوەی بڕیاری باوک یان ئۆل و عەشیرەت، ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ نامێنێت. کەواتە ئازادی ژن و تێکشکاندنی بڕیاری باوک لەو کولتوورەی ڕۆماننووس باسی لێوە دەکات هێڵی سوورە و ژن تەواوی ئازادییەکانی زەوتکراوە، زۆر بە توندی دەچەوسێنرێتەوە. نووسەر بەردەوام دەبێت لە باسی ئەو عیشقەی لەنێوان (نیان) و (سەروەر)دا هەیە، بەڵام ئەوەی لە کولتووری کوردیدا هەیە، هەر خۆشەویستییەک لە دەرەوەی قسەی باوک، برا، ماڵ و خزمانی بێت، بە خیانەت و بێ ئابڕوویی، ناموسبردن هەژمار دەکرێت "جوانترین شێوازی مردنە تا ئێستا عاشقان هەلیان بژاردبێ. نیان دەڵێ، ماڵی خۆمان دەگوازینەوە ناو ئاوێ، با کەس بە دواماندا نەگەڕێت، با بۆ ئەبەد لە ناو ئاودا بتوێینەوە، هەست دەکەین لەوەتەی هەین، پێش ئەوەی هەشبین هەر پێکەوە بووین و بۆیە دەمانەوێ لە زەمەنێکی گەردوونی نەبڕاوەشدا هەر پێکەوە بین، کەس بۆ ئێمە خەمبار نەبێت، ئێمە لە خەوداین و هەرگیز حەزناکەین لەو خەوە بەئاگا بێین، بێ یەکتر ناتوانین هەبین" (غەریب، ٢٠١٨: ٣٨١). ئەوەی لە دەقەکەدا دەبیندرێت ئەوەیە، کە تاکە ڕێگە بۆ ڕزگاربوونی کچەکە و کوڕەکە خۆ کوشتنیانە. لە کولتووری کوریدا خۆشەویستی بە تەواوی لە ژن قەدەغەکراو بووە، بەڵام ئەم بابەتە بۆ کوڕ هیچ کێشەیەکی نەبووە، ئەمەش بەو پێیەی لە نەریتی کوردەواریدا عاشق بوون بۆ کچ لە دەستدانی شەرەف و ئابڕوو چونە، لە کەسایەتیان دەدات، چیرۆکەکە بەوجۆرەیە، کە کچەکە پاش ئەوەی خێزانەکەی ڕێگری دەکەن لە هاوسەرگیریەکە، لەسەر بڕیاری خۆی و بەشێوەیەکی یاسایی زەواج لەگەڵ کوڕەکە دەکات، بەڵام ئەم کارەی کچەکە لای ماڵباتەکەی بە ڕەدوکەوتن دادەندرێت و خێزانەکەی کەوتوونەتە هەوڵی پاککردنەوەی نامووسیان، تا سەرەنجام بە خۆکوشتنیان کۆتایی دێت. ئەم توند و تیژیی بنەماڵەیی یەکێکە لەو لایەنانەی فێمینیزم بە تایبەتی ڕەوتی لیبڕاڵ جەختی لەسەر کردووەتەوە و لە دژی وەستاون.

### ٤.١.٢. گرنگی جەستە و ڕەنگی پێست لە ئافرەت دا

بابەتی جوانی و ڕەنگی پێست یەکێکە لەو بابەتانەی کە جێی بایەخی فیمینیستەکان بووە، ئەوان باوەڕیان وابووە، کە هزری نێرسالاری ژنی ڕەشپێست بە ناشرین و نەگونجاو دادەنێت. لەڕووی جەستەییەوە ژن بە بێتوانا هەژمار دەکات، ئەم تێڕوانینە نێرسالاریانە پانتاییەکی فراونیان لە نێو ڕۆمانەکەدا گرتووە، کە هزری نێرسالاری بەرانبەر بە مێینە دەخاتەڕوو، زۆرێک لە پیاوان تەنیا خواستیان جوانی ژنە، هەر لەو ڕووەشەوە ژنیان بینیوە و بەبێ بینینی ڕووی ناوەوە، بۆیە بەڵقیس لە بارەی مریەمە ڕەشەوە دەڵێ "ئەوان نازانن هەر سروشتیان وایە، نازانن ژنی ئەسمەر، ژنی ڕەش دڵێکی چەند سپی و ڕۆحێکی چەند خوێنین و هەستێکی چەند گەرم و .. هەیە، ئەوان نازانن کە لەزەت، لەزەتی ڕاستەقینە، ئەو لەزەتەی پێی دەخاتە قوڵاییتەوە لای ئەو ژنانەیە کە پێستیان وەک شەوە زەنگە" (غەریب، ٢٠١٨: ٧٢)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە پیاوان تەنیا ژنی جوانیان مەبەستە، ناخ هەرچەندە جوان بێت هیچ گرنگییەکی نەبووە، بۆیە نووسەر کێشەی ژنێکی پێست ڕەش دەخاتەڕوو لەسەر زاری کاراکتەرێکی تری مێینە.

ئەم کێشەیە تەنیا لە نێو چینی ئاسایی کۆمەڵگا باونەبووە، بەڵکو لە سەردەمی ئێستاشمان کچی جوان هەمیشە سەرنج ڕاکێش بووە، بۆیە باس لە چینی ڕۆشنبیری ئەو کات دەکات، دەچێتە نێو زانکۆی بەغدا و دەڵێت: "لووسی و بریقەی

پێچکی پەریخان نەک ئاداب لە هەموو زانکۆی بەغدا دەنگی دابۆوە، دوو ئەوەندەی دڵە لەتەکەی سەربازی ون، تەماشاکاری هەبوو، هەمووان دەزانن کوڕە لادێیەکەی بەشی کۆمەڵناسی هەر ڕۆژێک چاوی بە پەریخان بکەوێ خۆی پیس دەکات" (غەریب، ٢٠١٨: ١٠٠، ١٠١)، نووسەر ئەو تێڕوانینە نێرسالاریەی دەرخستووە، کە هەمیشە ژنە جوانەکان لە پێشتر بوونە لە دیدیان، ئەم هەستە لای ڕەگەزی نێرینە شتێکی هەستپێکراوە، بۆیە وای دەرخستووە پیاوان بە بینینی ژنی جوان ئەگەر ناخیشی جوان نەبێت هەر حالیان بۆیان تێکدەچێت، لێرەدا پیاو جەستەی ئافرەت وەک کاڵایەک دەبینێت، کە ئەمە ئەو شتەیە فێمینیزم دژی دەوەستێت و پێیان وایە ژن جگە لە جەستە، خاوەن هێز و هەست و سۆز و سایکۆلۆجیەتێکی تایبەت بەخۆیە و نابێت بایەخ و بوونی ئافرەت تەنیا لە جەستەدا کورتبکرێتەوە.

ئەوەی گرنگە و دەمانەوێت ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە نوسەر باس لە لایەنی دەروونی کوڕ دەکات لە کاتی بینینی ژنێکی جوان ڕۆماننووس بەم جۆرە درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات کاتێک دەڵێت: "سۆهێر ڕەمزی .. لاقە درێژ و پتەوەکانی پرچە ڕەشماڵیەکەی، سینگی تەخت و پانی، باڵای سیحری. سەروەر بە هەرزەکاری، هەرزەکاریی تەواویش نا، ئەودەم ببووە شازدە ساڵ، شێتو شەیدای مەمکە گەورەکانی سوهێر ڕەمزی ببوو بەدەیان شەو لە خەونیدا وەک قورنە و گەنە پێوەیان دەنووسا، ئەو ساڵە و ساڵی دواتریشی هەر لە ناو گەرما و ناو نوێن بەسەر برد، خەو و خەونی دوور و درێژ" (غەریب، ٢٠١٨: ١٣٨)، لەم دەقە ئەوە بەدیار دەکەوێت، کە ئافرەت لەچاوی پیاودا وەک خۆراکێک بۆ تێرکردنی حەز و غەریزە سێکسییەکان سەیر دەکرێت، ڕۆماننووس ئەوەی دەرخستووە هۆکاری بینینی خەو بە ژنەوە جوانییەکەیەتی ئەگینا بۆچی پیاو خەو بە ژنە کەمتر بەرچاوکانەوە نابین، تەنیا جوانەکانیان دێتەوە خەونیان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت جوانی و جەستەی ژن، بەرانبەر تواناو لێهاتوویەکەی چەندە پڕبایەخترە.

### ٥.١.٢. جیاوازی لە وەسفی نێرو مێ

یەکێک لە ئامانجەکانی فێمینیزم، بریتییە لە یەکسانی هەردوو ڕەگەز و نەبوونی جیاوازی لەنێوانیان، ئەم بابەتە وەک دەرکەوتە و بابەتێکی فێمینیزم لەناو ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە دەبینین نوسەر لە ڕۆمانەکەدا، لە وەسفی هەردوو ڕەگەز هەرچی وەسفی جوان و ناسک هەیە بەو کاراکتەرانەی داوە کە لە ڕەگەزی مێینەن، هەرچی وەسف و وێنەی ناشرینە بە ڕەگەزی نێرینەکەی داوە، ئەمە تەنیا بە کاراکتەرەکە نەوەستاوە، بەڵکو خانەوادەکانیشیانی بەهەمان شێوە نیشان داوە، بۆنموونە خانەوادەی (نیان) خانەوادەیەکی بازرگان و باوکی گەورەی بەزازەکانە و دایکی شاجوانی شاری سلیمانییە. هەرچی خانەوادەی کوڕەکەیە (سەروەر) یەکێکن لە ماڵە هەژارەکانی هەولێر، باوکی وابەستەی کۆڕی شەوانەی هاوڕێیانییەتی، بەتۆمەتی شوعی بوون هەر زوو بزر دەکرێت، بە هەتیوی دەمێنێتەوە، ئەم جیاوازیی چینایەتییە جێی بایەخی فێمینیزمی شەپۆلی سێیەم بووە، کە دژی ئەم جیاوازیی چینایەتیە دەوەستانەوە، سەروەر ناوی دایکی مریەمە ڕەش بووە، ڕەشترین ژنی دونیا، بۆیە لە وەسفی هەردووکیان جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت. لێرەوە گێڕەرەوە جیاوازییەکی چینایەتی دەداتە پاڵ ژن و دابەشی سەر دوو چینی ڕەش پێست و سپی پێستی دەکات، جیاوازی دەخاتە نێوان مەریەمی دایکی سەروەر و نیانی خۆشەویستەکەی وای دەبینێ ڕەنگی پێستی سپی پیرۆزترە، ناسکتر و خۆشەویستترە، لە کاتێکدا ڕەش پێست بە شوم و بێزارکەر سەیر دەکات.

لە وەسفی هەردوو کاراکتەرەکەدا دەڵێت: "سەروەر دیوە ڕەشەکەی، دیوە پڕ مردن و بێزارکەرەکەی، نیان دیوە بەرەونەقەکەی، ئەو دوانە چۆن پێک هاتن، هیچیان لە یەکتر ناچێ!

ئەو ئاڵۆز و ناریک و پڕ مەینەت.

ئەو سادە و ڕووناک و ئاسودە.

وەک ئەوەیە تیشکی خۆر بکەوێتە سەر شارێکی وێران. شارێکی سوتاو بۆگەن" (غەریب: ٢٠١٨: ٢٢٨). لێرەدا ئەگەر سەیر بکەین گرنگی ژنی لە جەستە و ڕەنگی پێستدا کورتکردووەتەوە، واتا ئەگەر نیان ڕەنگی پێستی و جەستە ڕێکەکەی نەبایە، بە کەسێکی نارێک، بێزارکەر و شوم دادەندرا، لە بەرانبەردا بۆ کوڕەکەش ڕەنگی پێست هەمان بایەخی هەیە، هەروەک لە وەسفی نوسەردا ئەمە بەڕوونی دەبیندرێت.

زیاتر درێژە بەم وەسفە دەدات و دێتە سەر باسی جوانی جەستەی هەردووکیان "سەروەر.. یەکەم جار بوو ئاوا لە ئاوێنەیەکی ڕوون و گەورەدا جەستەی خۆی بە ڕووتی ببینێت، لە پشت جەستەی کرمی خۆیەوە، لەشی ئالتونی نیانی دیت" (غەریب، ٢٠١٨: ٣٢٣)، هەروەک دەبینین جیاوازی نێوان نێر و مێ لە وەسفی نوسەردا زیاتر لە جەستەدا کۆکردووەتەوە، لێرەوە باری دارایی، ڕەنگی پێست، جوانی جەستە بڕیار لەسەر بایەخی هەردوو ڕەگەز دەدات.

### ٦.١.٢. بەرگریکردن لە مافەکانی ژن و یەکسانی ژن و پیاو

ئەمەش یەکێکە لەو بابەتانەی کە بەرهەمی فیمینیستی لە بەرهەمی پیاوان جیا دەکاتەوە و پێی دەناسرێتەوە، بەو واتایەی ئەو بەرهەمانەی بە بەرهەمی فیمینیستی هەژمار دەکرێن، ئەو بەرهەمانەن کە بەرگری لەمافەکانی ژنان دەکەن یاخود باس لە خواست و حەز و ئارەزوو و ویستەکانیان دەکەن، جا ئەگەر ژن خۆی نووسیبێتی یاخود پیاو لە بارەی ژنان نووسیبێتی و بەرگری لە مافەکانی کردبێت، ئەوەی لەم بارەیەوە لەم ڕۆمانە ڕەنگی داوەتەوە و نووسەر باسی لێوە کردووە، بەڵقیس گلەیی لە یەکێک لە کوڕەکانی دەکات لە بەرانبەر پێنەدانی مافەکانی خوشکی و دابین نەکردنی پێداویستییەکانی، وەک دەڵێت: "تۆ ئەی برا گەورە تۆ ئەی پادشای ماڵ بۆچی ڕۆژێک خوشکەکەت نەلاواندەوە، بۆچی ڕۆژێک بۆخۆت نەتبردەوە بەغدا، بۆ ڕۆژێک لە پێویستیەکانیت نەپرسی" (غەریب، ٢٠١٨: ٦١)، لێرەدا جگە لەوەی کە ڕەگەزی نێر بەسەر مێدا زاڵ کراوە و بە سەروەر و سەرداری ماڵی داناوە، لەپاڵ ئەمەدا بەهۆی ئەوەی ئازادی لە ژن زەوتکراوە، ماف بە ژن نادات سەربەخۆیانە بڕیار بدات و پێداویستی خۆی دابین بکات، لەو کاتەدا پێویستە تۆ وەک برا گەورە کە هەموو شتێک لە دەست ئێوەدایە، لە هەموو شتێکی بپرسی، هەر لە خۆشەویستی و دڵدارییەوە تا دوا داواکاری ژیانی.

ڕۆماننووس لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەندێک ماف بە مێ ڕەوا نابینرێت، لە کاتێکدا ئەمە بۆ ڕەگەزی نێر هیچ کێشەیەک دروست ناکات، هەروەک لە گێڕانەوەکەیدا دەڵێ "کوڕی ئەو کوردە وایە لەگەڵ دڵداری خۆیدا دەگەشێتەوە و لە دڵداری خوشکەکەی دا وشک دەبێت. دایک و باوکەکانیش بەسەر لێوەوە و بە بزەوە باسی عەشقبازی و دەستبازی کوڕەکانیان دەکەن، بەلەرز و حەیا چوونەوە لە کچەکانیان دەدوێن" (غەریب، ٢٠١٨: ٢٦٨). ئەوەی لەم تێکستە دەبینین، جەخت لەسەر ئەو کولتوورە ناشرینە کراوەتەوە، کە جیاوازی دەخاتە نێوان کوڕ و کچ و وای دەبینێت بابەتی خۆشەویستی و هەست و سۆزی مێ جێی شەرمەزاری و ئابڕوو چوونە لە کاتێکدا ئەم ڕەفتارانە بۆ ڕەگەزی نێر جێگەی شانازی و سەربەرزییە، ئەم جیاوازی دروستکردنە لەنێوان نێر و مێ یەکێکە لەو پرسانەی کە فێمینیزم زۆر بەجدی ڕەخنەی لێ دەگرێت و هەوڵی نەهێشتنی دەدات.

لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا ڕۆماننووس بابەتی یەکسانی ژن و پیاو لە ماف و دەسەڵات دەخاتە پێشچاو، ئەم بابەتە لە فێمینیزمدا بایەخێکی زۆری پێدراوە، جەخت لەسەر یەکسانی ژن و پیاو دەکەنەوە، لە هەموو لایەنەکانی ژیان، هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەندێک لە ڕەوتەکانی فێمینیزم باس لەوە دەکەن، کە دەبێ بە یاسا ئەم مافانە دیاری بکرێن، لە بەرانبەریان ڕەوتی تر هەن دەڵێن: نەخێر، یاسا ناتوانێت مافەکانی ژن دەستەبەر بکات و یەکسانی بکات لەگەڵ پیاو بەبێ گۆڕان و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خێزان، لێرەدا نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە چۆن کچەکە بە یاسا داوای مافەکانی خۆی دەکات "هەمووتان تەنیا ڕواڵەتن، لە ڕواڵەتدا دوای خۆشەویستی و ئازادی و کەرامەت کەوتوون، ئامۆژگاریەکانت بۆ خۆت هەڵبگرە، من گەورەم و دەتوانم بڕیاربدەم، یاساش لەگەڵ منە" (غەریب، ٢٠١٨: ٢٥٣). ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین چۆن باس لە مافەکانی دەکات، کە بە یاسا لە تەمەنێکدا خۆی دەتوانی بڕیار لەسەر خۆی بدات، کەس ناتوانێت بڕیار لەجیاتی ئەو بدات، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە هەندێک لە فیمینیستەکان دەیانەوێت، مافەکانیان بە یاسا پشتڕاست بکرێنەوە.

### ٧.١.٢. ئازادی منداڵ خستنەوە

ژن و بابەتی منداڵ خستنەوە و ئازادی ژنان لەم ڕووەوە یەکێکە لەو بوارانەی کە فێمینیزم بایەخی زۆری پێداوە، بە

تایبەتی ڕەوتی (ڕادیکاڵ)، سەرنجی زۆری خستووەتە سەر ئەم پرسە، ئەوان باوەڕیان وایە، ئەمە خواستێکە پەیوەندی بە ژنەوە هەیە، ناکرێت بەسەری فەرز بکرێت، چونکە خۆی زەحمەتی و ئازاری منداڵ هەڵگرتن و منداڵ بوون دەکێشێت و ئەو ئەزموونە تاقیدەکاتەوە، بۆیە ئازادی ژن لەم بارەوە دەبێت لەپێش هەموو شتێکەوە بێت، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین هەموو ئەمانە لە نێو ڕۆمانەکە ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە لەبارەی ئەو ئازارەی ژن لەکاتی منداڵبوون دەیچێژێت باسی لێکراوە، وەک ئەوەی لە بەشێکی دەقەکەدا هاتووە "بەڵقیس خەریک بوو ببورێتەوە، وەک ئەو ڕۆژەی ئەو بەڵایەی تێدا لە دایک بوو، ئەو ڕۆژەش ویستی ببورێتەوە مامانەکە زللەیەکی توندی لێدا، یەکێکی دیکە نوقرچێکی لە سینگی گرت، چاو دانەخەی، تین بدە خۆت، لەهۆش خۆت بچی منداڵەکەت دەمرێ بۆ خۆشت خوا دەزانێ... ئەو ڕۆژە ترسی لێ نیشت هەر لەو ترسەش بوو نەبووراپەوە، بەرگەی ئازارەکەی گرت و بێدەنگ فرمێسکی ڕشت" (غەریب، ٢٠١٨: ٢٨)، ئەوەی لە دەقەکەدا سەرنجی خراوەتە سەر زیاتر ئەو ئازارەیە، کە ژنان بەهۆی منداڵبوون دەیچێژن، ئازاری منداڵ هەڵگرتن و منداڵ بوون و مەترسیەکانی ئەو پرسە گرنگەیە، کە فێمینیزم بەردەوام کاری لەسەر دەکەن و ئەمەش بە ڕوونی لە دەقی ڕۆمانەکە ڕەنگی داوەتەوە.

لە هەمان کات فێمینیزم جەختیان لەوەش کردووەتەوە، کە خواستی منداڵبوونیش یەکێکە لە مافەکانی ژن "نیان بیری لە منداڵ و سەروەر بیری لە زەماوەند دەکردەوە، نیان گوتی، حەز ئەکەم کچێکی بچووکم هەبێ، کچێک قژیم لە دواوە بۆ بەستبێ، هەمیشە لە تەنیشتم بێ، کە برۆم لە دواوە تەنوورەکەم ڕاکێشێ، تۆزێکیش قەڵەو بێ، گۆرەوی سپی لەپێ بکەم و شوێن گۆرەوییەکان لەسەر قاچی دەر بچن، ئەو شوێن گۆرەوییانە ماچ بکەم" (غەریب، ٢٠١٨: ٣١١). وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئازادی لە منداڵ خستنەوە، یەکێکە لە پرسە هەرە پڕ بایەخەکانی فێمینیزم، کە ئەمەش لەناو ڕۆمانەکە کاری لەسەر کراوە و ویستی ژن و ئازادی ژن لەم بارەوە خراوەتەڕوو و باسی گرنگی ڕۆڵی دایکایەتیش بابەتێکی دیکەیە، کە دیسان قسەی لەسەر کراوە، هەروەها حەزی ژن بۆ جنسیەت یان ڕەگەزی منداڵ لەوەی منداڵەکە نێرە یان مێ دیسان قسەی لەسەر کراوە و پێچەوانەی عەقلیەتی نێرسالاری، کە حەزی لە خستنەوەی ڕەگەزی نێرە لێرەدا دایک حەز بە دایکایەتی کردن و خستنەوەی منداڵێکی مێیە.

### ٨.١.٢. نیشاندانی لاوازی ژن و چەوساندنەوەی لە لایەن پیاو(نێر)

فیمینیستەکان باوەڕیان وایە ژن بە لاوازی لەدایک نابێت، بەڵکو ئەوە عەقلیەت و کولتوور و ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانن کە وێنەی مێ بە لاواز نیشان دەدەن و دەیکەنە دروستکراوێکی بێ سەڵات، فیمینیستەکان ئەوە ڕەتدەکەنەوە، کە ژنان لە پیاوان لاوازتر بن، بەڵکو پێیان وایە لە هەندێ ڕووەوە لە پیاوان بەهێزترن، لەم ڕۆمانە لە چەندین شوێن بێ هێزی ژن لە بەرانبەر پیاوان دەبینین، ئەمەش دژی ئەو تێڕوانینەی فیمینستەکانە کە بانگەشەی بۆ دەکەن "بەڵقیس بە دەگمەن بە تەنیا هاتۆتە بازاڕیش، ئەو نەک ماڵ و سامان هەموو شتێکی بە مولکی مێردەکەی دەزانی بە خۆشییەوە" (غەریب، ٢٠١٨: ٧)، لێرەدا ئەوەمان بۆ بەدیاردەکەوێت، کە چۆن کۆنترۆڵکردنی ژن و لێسەندنەوەی هەموو ئازادیەکانی و بەندکردنی لەناو چواردیوار، عەقڵیەت و توانای ژن لەناو دەبات، بە جۆرێک کە خۆی وەک کۆیلە و مولکی ڕەگەزی بەرانبەرەکەی ببینێت، ئەمەش یەکێکە لە دەرکەوتە دیارەکانی فێمینیزم، کە داوا دەکەن ژن یان ڕەگەزی مێ لە وەها بارودۆخێک ڕزگار بکرێت و ماف و خواستەکانی جێبەجێ بکرێت.

لە لایەکی ترەوە ژن وابەستە دەکرێت بە مێردەکەیەوە، بەهاو پلەو پایەی کۆمەڵایەتی لە هاوسەرەکەیدا دا دەبینرێت "ئاخۆ ژن کە مێردی نەما لەو وڵاتەدا وەک زبڵ تەماشا دەکرێت، ناشکێت و ئازار ناچێژێ، هەر شتێکی بەسەر بێت، لە نرخی کەم نابێتەوە"(غەریب، ٢٠١٨: ٢٤)، ئەمەش مانای ئەوەیە بەهای ژن یەکسانە بە هەبوونی مێرد، نەمانی مێرد نەمانی بەهاو پلە و پایەکەیەتی، ئیتر لە کۆمەڵگا بەو شێوەیە سەیر ناکرێت وەک ئەوەی سەردەمی مێرد هەبوونی. کەواتە ئەمە بێ هێزی و لاوازی ژن نیشان دەدات. ئەگەرهێز و توانای ژن یەکسان نەبێت بە هەبوونی مێردەکەی ئەوا لە هەموو کات و سەردەمێک ژن هەمان پلەو پایەی دەبێت و بە نەگۆڕی دەمایەوە.

چەوساندنەوەی ژن لە کولتووری کوردیدا، وەک پێشتریش ئاماژەی پێدرا، زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێت،

ڕۆماننووس چیرۆکی ئازاردانی بەڵقیس و کچەکەی بە دەست مێرد و کوڕەکانی کردووەتە باسی سەرەکی چیرۆکەکەی و وێنەی چەوساندنەوەیان دەخاتە بەر دیدی خوێنەران، لێرەدا گێڕەرەوە لەسەر زاری بەڵقیسی کاراکتەر دەڵێت: "بۆ خاتری ئەو خوایە، تۆ لە کوێ پەیدابووی، وەک جنۆکە دوای من کەوتووی؟ ئەمزانی ئەو نەفرەتیەت دۆزیوەتەوە، ببورە گەروا نەبا نەتئەهێشت لەگەڵتا بێم. بەڵقیس خەریک بوو لە تووڕەییان ببورێتەوە، هاواری کرد، ئەو دەمانچەیە دانێ تا کەتنێکت نەکردووە، مەحموود ناو جەرگتان ڕەش کردووم" (غەریب، ٢٠١٨: ٢٦). کەواتە ئەم هەموو بە نهێنی هاتن و خەمخۆریەی دایک لە پێناو کچەکەی بووە، بەڵام بە بەدەرکەوتنی کوڕەکەی دەتاسێ و کوڕەکەی بە سەرچاوەی ئازار و خەم دادەنێ کە ناو جەرگی ڕەش کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کوڕەکانی هەمیشە جێگای خەم ئازار بوونە، بۆیە لە دەقەکەدا ئەو ئازارەی ژن دەیچێژێت لە دەست کوڕەکانی و پیاوەکەی دەخاتەڕوو. فێمینیزم دژی ئەو توند و تیژیەی سەڵاتی پیاوە، کە دەبێتە هۆی ئازاردانی ژن.

ڕۆماننووس لە بەشێکی دیکەی گێڕانەوەکەیدا باسی ئازارێکی دیکەی ژن لەناو کۆمەڵگای کوردی دەکات، ئەویش ئازاری هەڵخەڵەتاندنییەتی لە لایەن پیاوانەوە "بەڵقیس دەردی دیبوو، زۆریش، بەڵام لە هیچیان تەنیا نەبووە. جارێک عیشق پێش کەمال، قژی زەردی هەتیوێکی باریکە هەلی خەڵەتاند، چاکیشی هەڵخەڵەتاند، جا کچ تەنیا ئەو کاتانە ژیاوە کە هەڵخەڵەتاوە، کوڕە ناسک و قژ درێژ و سپیکاربوو، ئاخر کچ نییە ئەو کوڕەی دیبێ و عاشقی نەبووبێ، دەنگە ناسکەکەی، سەد جار قژی بۆ لادا و چاوی لێ داگرت ئەو هەتیوە، نە سەرنجی دایە و نە وەڵامی دایەوە. هەرناوی هاتبا، بەڵقیس سەد جنێوی شرینی پێ دەدا، تانە و توونی دەهاوێشت، بەڵام درۆ، لە دڵەوە عاشقی بوو، عاشقی هەموو شتێکی، هەتا عاشقی ئەو پێڵاوانەش بوو کە ئەو هەتیوە یاری پێ دەکرد" (غەریب، ٢٠١٨: ١٨-١٩). هەڵخەلەتاندن و یاریکردن بە هەست و سۆزی ژن، بابەتێکی دیکەی گوتاری فێمینیزمە، کە بە توندی دژی دەوەستنەوە، ڕۆماننووس لە گێڕانەوەکەیدا باس لەو دیاردە باو و ناشرینەی کولتووری خۆی دەکات، کە چۆن ژنان دەبنە نێچیرێکی ئاسانی حەز و ئارەزووی پیاو و تەنیا بۆ پڕکردنەوەی حەز و خواستەکانیان یاری بە هەستیان دەکەن. لێرەدا دەبێت باس لەوەش بکەین کە چۆن دووبارە بایەخی ڕەنگی پێست بۆتە پرسێکی گرنگ لەو کولتوورە و چۆن بە پیرۆزتر و بەرزتر لێی دەڕواندرێت.

### ٩.١.٢. ستەمی جنسی

بنەما و دەرکەوتەیەکی دیکەی ڕەخنە و گوتاری ڕەوتی ڕادیکالی فێمینیزم باسی ستەمی جنسی و دەستدرێژی سێکسییە بۆ سەر ژنان. ئەمەش بەوەی بە هەڵخەڵەتاندن بێت یان بەزۆر وا لە ژن بکرێت کە جەستەی خۆی بداتە دەست پیاو و بەکاری بهێنێت بۆ مەرامی جنسی، ئەم بابەتە لە نێو ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە "فەرهاد لە وەڵامی ئەو قسانەدا بۆ سەردار پێی گوتبوو، ئێمە تازە بۆ یەکین، چ پێویستە چاوەڕێ بکەین، وابزانە لە ماڵێکداین، دواتر لە گەرمەی داواکارییە نەبڕاوەکانیدا گووتبووی، وابزانە ژن و مێردین. نیان ئەوەی بە دەستدرێژی زانیبوو، بە ئەتک و حەیا چوونی زانیبوو، گریابوو .. وەک ئەوەی پەلاماری بدا، وەک بیەوێ بەزۆر و دڕاندانە بیخاتە ژێر خۆی، نیان خۆی ڕاپسکاند و دوورکەوتەوە" (غەریب، ٢٠١٨: ٤١-٤٢). هەڵخەلەتاندن و دەستدرێژی کردن بۆ سەر جەستەی ژن بە ناوی خۆشەویستی یەکێکە لەو ستەمانەی، کە پیاو بەرانبەر ژن ئەنجامی دەدات واتا هەر لەو کاتەی کچیان خۆشدەوێت، بە هەلی وەردەگرن و کچ دەخەنە ئەو بارودۆخەی، ستەمی جنسی و دەست درێژیان بکەنە سەر. هەر لەم بارەیەوە ڕۆماننووس لە زاری کاراکتەری کچەوە باس لە ویست و مەبەستی کوڕ (نێر) دەکات بەرانبەر بە کچ (مێ) و دەڵێ "ئێوەی کوڕان هەمووتان نەفرەتین، خۆشەویستی نازانن، کچانتان بەس بۆ یەک شت دەوێ، یەک شت و بەس، جگە لەو شتە هیچتان لە دەماغدا نییە .. نا ئێوە ڕۆحتان نییە .. هەست و خۆشەویستیتان نییە، تەنیا هەوەستان هەیە و تەواو. لەهەر تەمەنێکدابن کچتان بۆ ڕابواردن دەوێ، بۆ دەست گەرمکردنەوە و مەمکگوشین و پۆز لێدان و حەیا بردنی دەوێ" (غەریب، ٢٠١٨: ٤٣)، بابەتی دڕەندەیی نێر بەرانبەر ڕەگەزی مێ باسی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و ڕۆماننووس لەسەر زاری کاراکتەری ژنەوە پێناسەی دڕەندەیی نێر دەکات، کە تەواوی هەست و سۆزی پیاو لە حەز و ئارەزووە شەیتانییەکانی کورت دەکاتەوە و ڕەگەزی مێ وەک کاڵایەک بۆ پڕکردنەوەی غەریزە سێکسیەکانی بەکار دەهێنێت.

## ئەنجام

١- پیاوسالاری و چەوساندنەوەی ژنان بابەتێکی سەرەکی ناو ڕۆمانەکەیە، بەڕوونی ئەم هزرە پیاوسالارییە لەناو ڕۆمانەکە، دەرکەوتووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ژن وەک ژێردەستەیەک بە موڵکی پیاو لێی بڕوانرێت.

٢- جیاوازی ڕەنگی پێست: بە پیرۆزتر بینینی سپی پێست بە بەراورد بە ڕەش پێست لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

٣- بە لاواز بینینی ژن، گوزارشتکردن لە توانا و لێهاتوویی ئافرەت تەنیا لە ئەرکی منداڵ خستنەوە، کە تەنیا ئەرکی خستنەوەی منداڵە بە تایبەتی کوڕ. لە ڕۆمانەکەدا ئەمانە بە ڕوونی دەرکەوتوون، کە زۆرێک لە ڕەوتەکانی فێمینیزم ئەمە ڕەتدەکەنەوە و دژی ئەم بیرۆکەیە دەوەستن.

٤- لایەنێکیتر کە دەرکەوتووە بریتییە لە توندوتیژی بەرانبەر بە ژن بەناوی شەرەف، ناموس و ئابڕوو لە لایەن باوک، برا، خێڵ و عەشیرەت بە ڕوونی دەبیندرێت.

٥- جوانی جەستەی ئافرەت، تواناو لێهاتووییان لەوەوە بەدیار دەخات، ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە هەمیشە پیاو بۆ گەیشتن پێی هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی داوە و بەکاریهێناون.

٦- ستەمی جنسی و ئازاردانی سایکۆلۆجیەتی ژن لە لایەن کولتووری پیاوسالاری ڕۆماننووس، یەکێکی دیکەیە لە دەرکەوتە دیارەکانی فێمینیزم لەناو ڕۆمانەکەدا.

٧- لە ڕۆمانەکەدا زۆرترین ڕێژەی دەرکەوتنی دەرکەوتەکان بریتییە لە چەوساندنەوە ژن و پیاو سالاری، ئەگەرچی ئەوانی تریش بەڕێژەیەکی جیاوازی ڕەنگ و پێست دەرکەوتوون، کە هۆکارەکەی بە بەرز سەیرکردنی ناوچەیەکە بەسەر ناوچەیەکی تر، دوای ئەمانەش ستەمی جنسی دێت، کە زۆر بە بەربڵاوی باسکراوە، هەریەکە لە لاوازی ژن، ئازادی منداڵ خستنەوە، بەرگری کردن لە مافەکانی ژن، جیاوازی لە وەسفی نێر و مێ و ڕۆڵ بەهای ژن بە یەک ئاست دەرکەوتوون.

## سەرچاوەکان :

### سەرچاوەی کوردی

#### کتێبەکان

- ئەکرەم، سورێن(٢٠٢٢). فێمینیزم و جێندەرناسی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی کولتوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ژمارە(٣٩).
- غەریب، جەبار جەمال (٢٠١٨)، سەردەمی گریانی بەڵقیس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە.
- المساعد، نوره فرج (٢٠٠٦)، فێمینیزم فیکر و ڕەوتەکانی، و، عەبدوللا تاهیر بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلیمانی.
- حەمەلاو، خالید عەبدولکەریم (٢٠١٠)، مەهاباد قەرەداغی لە فێمینیزمەوە تا هیومانیزم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
- خەلیل، ئیبراهیم مەحمود (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە لاسایی کردنەوەوە بۆ هەڵوەشانەوەگەرایی، و، محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.
- سالح، کازێوە (٢٠٠٥)، فیمینستناسی و جڤاکی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- شاهندە، نوشین (٢٠٠٦)، نیتشەو فێمینیزمی هاوچەرخ، و، محەمەد کریم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- صالح، سازگار عبدول(٢٠١٩) فێمینیزم و هاوڵاتیبوونی یەکسان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.
- عەبدوڵڵا، عەباس سالح (٢٠٠٧)، فێمینیزم لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- فریدمەن، جیەن (١٣٨١)، فێمینیزم، و. فەرشید شەریفی، چاپخانەی کارۆ.
- قطوس، بەسام (٢٠١١)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و، محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان.
- مەنتک، حەمە (٢٠١٨)، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، دەزگای تەفسیر، هەولێر.نەقشی، ڕەحمان، کۆمەڵێک بابەت سەبارەت بە فێمینیزم، کۆکردنەوە.

#### گۆڤارەکان

- تەمیزی، بەکری (٢٠١١)، ڕەخنەی فیمینیستی فەرەنسی، و.فاتمە بوداغی، گۆڤاری ڕامان، ژ١٧٠، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- ڕۆبن، گەیل (٢٠١٧) بازرگانیکردن بە ژنان، لە نامیلکەی فێمینیزم، ڕێبازێکی ژیان و سیستەمێک بۆ لێکدانەوە، و. محمد حمە صالح، دۆسیەکانی سەردەم، ژمارە(١٥).
- گۆردن، لیندا (٢٠١٧)، فێمینیزم و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، لە نامیلکەی( فێمینیزم ڕێبازێکی ژیان و سیستەمێک بۆ لێکدانەوە). وەرگێرانی محمد حمە صالح، دۆسیەکانی سەردەم، ژمارە(١٥).

– جمال، نەوزاد (٢٠١٧) سیمۆن دی بۆڤوار فەیلەسوفێک لە سەرووی ڕەگەزەوە بوونەگەرایەک لە سەرووی بوونەوە، لە نامیلکەی فێمینیزم، پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان، بڵاوکراوەکانی ئایدیا، ژمارە(٢).

– سپیندەر، دەیل (٢٠١٧)، فێمینیزم و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، لە نامیلکەی( فێمینیزم ڕێبازێکی ژیان و سیستەمێک بۆ لێکدانەوە). وەرگێرانی ئاوات ئەحمەد، دۆسیەکانی سەردەم، ژمارە(١٥).

– عبدول، شاکار(٢٠١٧)، دەروازەیەک بۆ فێمینیزم، لە نامیلکەی فێمینیزم، پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان، بڵاوکراوەکانی ئایدیا، ژمارە(٢)

– نەسوح، علی(٢٠١٧) فێمینیزم لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، وەرگێرانی هاوار محمد، لە نامیلکەی فێمینیزم، پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان، بڵاوکراوەکانی ئایدیا، ژمارە(٢)

**فەرهەنگەکان**

– ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

– هەمەوەند، حەیدەر(٢٠٢٠)، فەرهەنگی فەلسەفە، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

**پێگەی ئەلیکترۆنی**

– حسێن، سابیر، ئەدەبی ئافرەتان، لە گۆشەنیگای ڕەخنەگرانەوە، گۆڤاری بیاڤ، biav.blogsky.com.

سەرچاوی فارسی

**پژوهشها**

– تربیت، سارا (١٣٨٩)، نقد فیمینیستی بر غزل سیمین بهبانی، فصلنامه علمی پژوهشی زن و فرهنگ، سال دوم، شماره پنجم، صص٩–١٨.

– رحیمی،سید مهدی و هدی سادات میرزایی (١٣٩٥)، نقد فیمینیستی مجموعه داستان(تهران در بعد از ظهر) مصطفی مستور، یازدهمین همایش بین المللی انجمن ترویج زبان و ادب فارسی، دانشگاه گیلان، صص ١٣٤٤–١٣٦٤.

– کشاورز، خدیجه (١٤٠١)، خونش انتقادی کتاب نقد و نظر : درآمدی بر نظریه‌های فیمینیستی، پژوهشنامه انتقادی متون و برنامه‌های علوم انسانی، پژوهشها، علوم انسانی و مطالعات فرهنگی–ماه نامه علمی، شماره اول، صص٣٢٣–٣٥٣.

– صادقی، رضا(د) (١٣٩٢)، راضیه حجار، نقد فیمینیستی رمان (سگ و زمستان بلند) پژوهش ادبی، شماره (٢٦)، صص٧٣–٩٤.

– مزیجانی، فاطمه (١٣٩٤)، نقد ادبی بر سه آثار (( مرد، آهوی بخت من گزل، جای خالی سلوچ)) احمد دولت آباد، مجموعه مقاله‌های دهمین همایش بین المللی ترویج زبان و ادب فارسی، دانشهاه محقق اردبیلی، صص ٥٣١–٥٣٥.

– مرادخانی، صفیه و مریم طالبی(١٣٨٩)، نقد فیمینیستی مجموعه داستان (دختر خانه و ..) آثار فریده خرمی، زن در فرهنگ و هنر(پژوهش زنان) دورای اول، شماره (٤)، صص ٥–٢٤.

**کتابها**

– بیسلی، کریس(١٣٩٧)، چیستی فیمئنیسم درآمدی بر نظریه‌ی فیمینیستی، ترجمه/ محمد رضا زمردی، چاپ ٣، انتشارات : روشنگران و مطالعات زنان، تهران.

– کلیگس، مری (١٣٨٨)، درسنامه‌ی نظریه‌ی ادبی، ترجمه جلال سخنور، نشر اختران، تهران.

– مشیرزاده، حمیرا (١٣٨١)، از جنبش تا نظریه ای اجتماعی : تاریخ دوو قرن فیمینیسم، تهران، پژوفش شیرازه.

– هام مگی، سارا (١٣٨٢)، فرهنگ نظریه‌های فیمینیستی، ترجمه/ فیروزه مهاجر و دیگران، تهران نشر توسعه

**تجليات الخطاب النسوي في رواية "عصر بكاء بلقيس" لجبار جمال غريب"**

**دلدار عدو وسو**
قسم الكورديه،فاكلتيى التربية،جامعة سوران–أربيل
،أقليم كوردستان،العراق
dldar.wsoo@soran.edu.iq

**هونەر انور مام صوفی**
قسم الكورديه،فاكلتيى التربية،جامعة سوران –أربيل،
أقليم كوردستان،العراق
hunar.mamsofi@soran.edu.iq

**ملخص**

تمثل هذه الرواية فترة تاريخية في العراق، تصور مجموعة من التقاليد الاجتماعية عبر جيلين مختلفين: واحد لا يلتزم بالتقاليد الاجتماعية والآخر يؤمن بها بشدة. ويكشف عن ثقافتين متميزتين: الثقافة الكردية والثقافة العربية، وكلاهما أثر على جيل الشباب. تصور الرواية العصر القديم بطريقة حديثة، وتسلط الضوء على التقاليد المختلفة داخل المجتمع الكردي التي أدت إلى اضطهاد الأفراد الأكراد. ولم تكن الإناث وحدهن بل احيانا الذكور أيضا الضحايا الرئيسيين لهذه التقاليد. ومع ذلك ، في الدراسة الحالية ، ينصب التركيز بشكل خاص على النساء وحقوقهن ، التي يتم فحصها من خلال عدسة النظرية النسوية. هذه محاولة جديدة لاستكشاف الآثار الأيديولوجية للخطاب النسوي في رواية "عصر بكاء بلقيس" لجبار جمال غريب. تركز الدراسة على الجوانب المظلمة والخفية للثقافة الكردية، لا سيما الظلم والاضطهاد الذي تواجهه النساء، اللواتي يعاملن كطبقة مضطهدة داخل المجتمع. كما يسلط الضوء على أبرز التحديات والمصاعب التي تتحملها المرأة. نهدف في بحثنا إلى تحديد ما إذا كان الكاتب يتناول جوانب من الثقافة الكردية، أو انتهاكات حقوق المرأة، أو يهدف إلى رفع مستوى الوعي حول الحقوق والحريات المحرومة للمرأة الكردية، وما إذا كان الكاتب يدعم هذه الحقوق. يناقش هذا المقال باستفاضة وجهات نظر مختلفة حول الخطاب النسوي، بما في ذلك مفهوم النظام الأبوي، وتسليع المرأة واستغلالها، واضطهاد المرأة، والتمييز على أساس لون البشرة، والاختلافات في الطبقة الاجتماعية – والتي ينعكس الكثير منها في الرواية.

الكليمات المفتاحيية: النسوية، الروايات، عدم المساواة، التمييز بين الجنسين والجلد، المرأة ودور الأمومة.

**The Manifestations of Feminist Discourse in Jabbar Jamal Gharib's The Age of Bilquis' Weeping**

**Dldar Ado Wsoo**
Kurdish Department, Faculty of Education, Soran University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
dldar.wsoo@soran.edu.iq

**Hunar Anwar Mamsofi**
Kurdish Department, Faculty of Education, Soran University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hunar.mamsofi@soran.edu.iq

**Abstract**

This novel represents a historical period in Iraq, portraying a set of social traditions across two different generations: one that does not adhere to social traditions and another that strongly believes in them. It reveals two distinct cultures: a Kurdish culture and an Arab culture, both of which have influenced the younger generation. The novel depicts the ancient era in a modern way, shedding light on various traditions within Kurdish society that have led to the oppression of Kurdish individuals. Not only females but also males have often been the primary victims of these traditions. However, in the current study, the focus is specifically on women and their rights, examined through the lens of feminist theory. This is a new attempt to explore the ideological implications of feminist discourse in Jabbar Jamal Gharib's novel The Age of Bilquis' Weeping. The study focuses on the dark and hidden aspects of Kurdish culture, particularly the injustices and oppression faced by women, who are treated as an oppressed class within society. It also highlights the most prominent challenges and hardships women endure. In our research, we aim to determine whether the author is addressing aspects of Kurdish culture, violations of women's rights, or aiming to raise awareness about the rights and freedoms denied to Kurdish women, and whether the author supports these rights. This article extensively discusses various perspectives on feminist discourse, including the concept of patriarchy, the commodification and exploitation of women, the oppression of women, discrimination based on skin color, and differences in social class—many of which are reflected in the novel.

**Keywords:** Feminism, Novels, Inequality, Gender and Skin Discrimination, Women and the Role of Motherhood.